Journal of University of Raparin    گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین    E-ISSN: 2522 – 7130   P-ISSN: 2410 – 1036

# میتۆدەکانی فێرکردن لەناو دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکانی ناوچە کوردنشینەکان لەسەدەکانی (٥_٧ک/١١_١٣ز) دا

رسول ابراهيم رسول[1] - شمال محمد وسمان[2]

[2-1]بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

لێکۆڵینەوە بەگشتی لەبواری پەروەردە و فێرکردن لە هەر قۆناغێکی مێژوییدا، بایەخ و تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە ئەویش فرەڕەهەندە و چەند بوارێک لەخۆدەگرێت، لەناو مێژوی کوردیشدا ئەم بوارە جێی بایەخ و لێکۆڵینەوەیە، بەتایبەت لەماوەی سەدەکانی (٥_٧ک/١١_١٣ز) بەسەردەمێکی گرنگی پێشکەوتنی بزاڤی زانستی و ڕۆشنبیری دادەندرێت، هەڵدەگرێت لەم بارەیەوە توێژینەوەی تایبەت ئەنجام بدرێت، لەبەرئەوەشە ناونیشانی توێژینەوەکە تایبەتکراوە بە(میتۆدەکانی فێرکردن لەناو دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکانی ناوچە کوردنشینەکان لەسەدەکانی (٥_٧ک/١١_١٣ز)دا )، بە ئامانجی دەرخستنی دیارترین ئەو میتۆدە زانستیانەی کە لەناوەندەکاندا پەیڕەوکراون، دەستکەوت و دەرەنجامەکانیشی زۆر ئەرێنی و بەرهەمدار بوە.

سروشتی توێژینەوەکە وای خواستوە، کە بۆ لێک جیاکردنەوە و تێکەڵنەکردنی میتۆدەکان، هەریەکەیان بە جیا باس بکرێت، کە لەم توێژینەوەیەدا بەپشت بەستن بەسەرچاوە ڕەسەنەکان و شیکردنەوەی ژێدەرە نوێیەکان نزیکەی (نۆ) میتۆدمان تاوتوێکردون، کە نمونەکان لەناو توێژینەوەکەدا خراونەتەڕو، بۆ نوسینیشی بێگومان پشت بە چەندان سەرچاوەی تایبەتمەند و زانستی و ژێدەری نوێ بەستراوە، هەروەک لە لیستی سەرچاوەکاندا ئاماژەیان بۆ کراوە.

## کلیلە وشەکان:

دامەزراوەکانی پەروەردە و فێرکردن، میتۆدەکانی فێرکردن، زانستی ئاینی، زانستی زمانەوانی و وێژە، زانستی پراکتیکی.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(2).Paper28
**Received:** 23-August-2021
**Accepted:** 21- September -2021
**Published:** 29-March-2022
**Corresponding Author's E-mail:**
rasul.ibrahim@uor.edu.krd
shamal.mohammed@uor.edu.krd
**Copyright**©2022 Journal of Raparin University.

**پێشەكی:**

فێركردن و هەوڵدان بۆ فێربون و وەدەستخستنی زانست و زانیاری یەكێكە لەدیارترین سیماكانی شارستانیەتی ئیسلامی، هەر لەدوای هاتنی سروش (وحی)، فێربون و فێركردن كرایە پێویستییەكی گرنگی سەرشانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) و موسڵمانان، ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش بایەخی ئەم لایەنە لەناو موسڵماناندا زیادبوە، جۆراوجۆرییەتی ئەو زانستانەی لەناو دامەزراوە پەروەردەیی و فێركارییەكاندا دەخوێندران وای دەخواست كە ڕێگا و میتۆدی جیاواز لە فێركردندا بەكاربهێندرێن، لە ناوچە كوردنشینەكانیشدا وەک هەر ناوچەیەكی تری ژێر دەسەلاتی موسڵمانان، گرنگیدان بە فێركردن و فێربون ڕۆژ بۆ ڕۆژ هەنگاوی بەرەو پێش ناوە، یەكێكیش لە هۆكارەكانی ئەم پێشكەوتنە بریتیبو لە بەكارهێنانی ڕێگای جیاوازی فێركردن، كە لەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بە بەشێک لەو میتۆدانە كراوە كە لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێركارییەكاندا بەكارهاتون، هەر بۆیەشە ناونیشانی توێژینەوەكە تایبەتكراوە بە (میتۆدەكانی فێركردن لە ناو دامەزراوە پەروەردەیی و فێركارییەكانی ناوچە كوردنشینەكان لەسەدەكانی(٥_٧ک/١١_١٣ز).

**هۆكاری هەڵبژاردن:** هۆكاری سەرەكی پشت ئەنجامدانی توێژینەوەیەكی لەم جۆرەش بریتییە لەنەبونی توێژینەوەی زانستی تایبەت لەسەر بابەتەكە و حەز و ویستی كەسی توێژەر.

**پرسی توێژینەوە:** ئەو پرسەی توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بەدوایدا وێڵە، هەوڵدانە بۆ گەڕان بە دوای پرسێكی بابەتی و گرنگ، لەمەڕ ڕەوشی زانستی و بوارەكانی پەروەردە و فێركردن لەماوەی توێژینەوەكەدا، كە ئەویش بریتییە لەوەی ئاخۆ میتۆد و ڕێبازەكانی پەروەردە و فێركردن چیبون؟ دیارترین جۆری میتۆدەكان كامانەن؟ خەسڵەت و تایبەتمەندییەكانیان چیبوە؟ ئەمانە و چەند پرسێكی دیكە لەناو توێژینەوەكەدا خراونەتەڕو و گفتوگۆیان لەبارەوە كراوە.

**ئامانجی توێژینەوە:** بریتییە خستنە بەرباسی میتۆدەكانی پەروەردە و فێركردن و دەرخستنی كاریگەرییان لەسەر پێشكەوتنی ڕەوشی زانستی لەناوچە كوردنشینەكاندا، بە ئامانجی شەن و كەوكردنی وردی شێواز و ڕێبازەكانی پەروەردە و فێركردن، سەرباری خزمەتكردنێكی بچوک بە كتێبخانەی كوردی لەمبارەوە.

**میتۆدی توێژینەوە:** بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی توێژینەوەكە، كە توێژینەوەیەكی مێژویی شیكارییە، پشت بە میتۆدی مێژویی بۆ لێكۆڵینەوە و لێكدانەوەی ڕوداوەكان دەبەستێت و شیان دەكاتەوە، سەرەڕای ناوەڕۆكی ئەو بابەت و وەسفانەی كە لە دوتوێی سەرچاوەكاندا وەسفكراون وەرگیراوە، بە پشت بەستن بە میتۆدی وەسفی، بۆیە بۆ گەیشتن بە ڕاستی ڕوداوەكان و شرۆڤەكردنیان توێژەر زیاتر پشتی بەم میتۆدە بەستوە.

**گرفتی توێژینەوەکە:** ئەگەرچی لە دوتوێی سـەرچاوەکاندا، دەربارەی میتۆدەکانی فێرکردن لەسـەدەکانی ناوەڕاسـتدا لەناو خانەی ئیسـلامدا، ژمارەیەک پەرتوک دەبیندرێن، بەڵام دەگمەنی و کەمی زانیارییەکان لەناو سـەرچاوە بنەڕەتیەکاندا سـەبارەت بەو میتۆدانەی کە لەناو دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکانی ناوچە کوردنشینەکاندا پشت پێ بەستراوبون بۆ فێرکردن، گرفتی سەرەکی بەردەم ئەم توێژینەوەیە بوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە پوختە و پێشـەکی و دیارترین میتۆدەکان لەخۆدەگرێت کە بریتین لەمیتۆدەکانی وتاربێژی و ئامۆژگاری و گێڕانەوە و بیسـتن و لەبەرکردن و وانەبێژی و مشـتومڕکردن و چەندین میتۆدی تری فێرکردن، کە بەسەر دو تەوەرەدا دابەشکراون، لەگەڵ ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان.

**شیکردنەوەی سەرچاوەکان:** هەوڵدراوە لەم توێژینەوەیەدا سود لەسەرچاوەی جۆراوجۆر ببندرێت، لەبەرئەوەی توێژینەوەکە تایبەتە بە میتۆدەکانی پەروەردە و فێرکردن و هەریەکێکیشیان لەسەرەتادا پێویستی بەناساندن هەیە، ئەوا هەوڵدراوە لەڕێگای گەڕانەوە بۆ فەرهەنگەکانی وەکو (لسـان العرب) و فەرهەنگ و سـەرچاوەی ترەوە پێناسـەبکرێن، بۆ شـرۆڤەکردنی زیاتری میتۆدەکانیش هەوڵدراوە سـود لەو سـەرچاوە بنەڕەتییانە ببیندرێت، کە پەیوەندیدارن بە بابەتەکەوە، لەنمونەی (الجامع لاخلاق الراوي واداب السـامع)ی (الخطيب البغدادي)(مردوە لە: ٤٦٣ک/١٠٧٠ز) و (أدب ألاملاء والاسـتملاء)ی (السـمعانی) (مردوە لە: ٥٦٢ک/١١٦٢ز) و (تعليم المتعلم طريق التعلم)ی (الزرنوجي) (مردوە لە٥٩١ک/١١٩٤ز) و چەندانی تر، بۆ هەریەکێک لە میتۆدەکانی پەروەردە و فێرکردنیش نمونەی مامۆسـتا یان زاناگەلێک هێندراوەتەوە کە لەڕێگای میتۆدەکەوە خزمەتی لایەنی زانستی ناوچە کوردنشینەکانی کردوە، بۆ ئاماژەکردن بەناوەکانیان پشت بەسەرچاوە بنەڕەتییەکانی تایبەت بە ژیاننامەی کەسـەکان و چینەکان بەسـتراوە لەنمونەی (وفيات الأعيان و أنباء أبناء الزمان)ی (ابن خلكان) (مردوە لە:٦٨١ک/١٢٨٢ز) و (طبقات الشـافعية)ی (ابن كثير) (مردوە لە: ٧٧٤ک/١٣٧٢ز) و چەندین سەرچاوەی بنەڕەتی تر، لەکوێشدا پێویستی کردبێت کەڵک وەرگیراوە لە پەرتوکی گەڕیدەکان، لەنمونەی (رحلة ابن جبير)ی (ابن جبير) (مردوە لە: ٦١٤ک/ ١٢١٧ز)و گەڕیدەی تر، ئەمە جگە لە سـودبینین لەو سـەرچاوە مێژوییە بنەڕەتییانەی کە پەیوەندیدارن بە مێژوی تایبەتەوە، بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکەش سـود بیندراوە لە چەندین ژێدەری بەکەڵک هاتو و پەیوەندیدار بەناوەڕۆکی توێژینەوەکە.

**میتۆدەکانی فێرکردن:**

یەکێک لەو بابەتە گرنگانەی کە لە ناو دامەزراوە ئاینی و زانسـتییەکاندا گرنگی پێدراوە، بریتییە لە میتۆدەکانی فێرکردن و ئەو شێوازانەی کە بەهۆیانەوە زانستەکان بەفێرخوازان گەیەنراوە، هەڵبەت ئامانجیش لەوە بریتیبو لە سودمەندکردنی فێرخوازان بەباشترین شێوە و کەمترین ماوە لەو زانیاریانەی کە لەلای مامۆستایان و لەناو

کتێباندا هەبوە، لەڕوی زمانەوانییەوە میتۆد وەرگیراوە لە وشـەی (method)ی فەرەنسـی، بنەڕەتی وشـەکەش یۆنانییە و وەرگیراوە لە وشـەی (methodus)، کە بەمانای ڕێگا یان ڕێباز دێت، لەڕوی زاراوەشـەوە ئەو ڕێگا یان ڕێبازەیە کە بەهۆیەوە ڕاســـتییە زانســـتییەکان دەدۆزرێنەوە و ئامانجە دیاریکراوەکانی پێ وەدەســـت دەهێندرێن (بدوی، ١٩٧٧، ص٣-٥؛ حسێن،٢٠٢٠، ل٤٩).

لە مێژوی بزاڤی زانســتی و پەروەردەی ئیســـلامیدا، ئەم بابەتە بایەخی زۆری پێدراوە، ئاینی ئیســـلام ڕێنمایی فێرخوازان و ئەوانەی بەدوای زانستەوەن یان کەسانێک دەیانەوێت زانیاری دەربارەی شتێک وەدەست بخەن دەکات بەوەی پێویسـتە بچنە لای ئەو کەسـانەی کە شـارەزاییان لەو زانسـتەدا هەیە، چونکە ئەوان سـەرەڕای شـارەزاییەکەیان، ئاشـناشـن بەو میتۆد و ڕێگایەی کە زانسـت و زانیاریەکەی بەخێرایی و ئاسـانی لێوە دەگاتە فێرخوازان (فَاسْـــأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ) (القرآن الكريم، الســـورة: النحل، الاية:٤٣)، لەلایەن زانایانی موسڵمانیشـەوە لەگەڵ ئاماژەکردن بە میتۆدەکانی فێرکردن، باسـی لایەنە باش و خراپیەکانیشـی کراوە، بەهۆی ئەوەی کە ئەو زانســـتانەی لەناو دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکانی ناوچە کوردنشـــینەکاندا دەخوێندران زۆر و جۆراجۆربون، ژمارەیەکی زۆر میتۆدی فێرکردنیان تیادا بەکارهێندراون، کە سـەرەڕای ئەوەی میتۆدێک لە یەکێکی تر جیاواز بوە، لەهەمان کاتدا خاڵی لەیەکچوش لە نێوانیاندا هەبوە، لەلایەکی تریشـەوە هەندێکجاران میتۆدێک کۆمەکی میتۆدێکی تری کردوە لەکاتی فێرکردندا، واتە زانسـت هەبوە لەکاتی گەیاندنی بە فێرخوازاندا پێویستی بەوە هەبوە لەڕێگای زیاتر لە یەک میتۆدەوە بئاخندرێتە هزر و مێشکی فێرخوازانەوە، ڕێگا و شێواز و میتۆدەکانی پەروەردە و فێرکردنیش بەپێی سـەردەم و بواری زانسـتی و قۆناغەکانی گەشـەکردنی بوارەکە، گۆڕانی زۆریان بەسـەردا هاتوە، بەڵام بە لێوردبونەوە و شـیکردنەوە و بە پشـت بەسـتن بەواژەی سـەرچاوە ڕەســـەنەکان و لێدوانی گەڕیدە و وڵاتناســـانی موسـڵمان، ئەوانەی لە قۆناغی توێژینەوە بەکاربون، ئەوانەن کە لەم توێژینەوەیەدا تاوتوێکراون، کە ئەوانیش بەپێی بنەمای مێژوی بەکارهێنانیان و شـــوێن و ئاســـتی کاریگەرییان جیاوازن، بە پشـت بەسـتن بە واژەی سـەرچاوەکان و شـیکردنەوەی ڕوداوەکان، ئەوا دەرکەوتوە کە بۆ دو جۆر یان ئاســـت دیاریبکرێن، یەکەمیان میتۆد و ڕێگا گشـــتییەکان کە خۆیان لە (وتاربێژی و ئامۆژگاری و لەبەرکردن و ......) دەبینێتەوە، کە دەکرێت کەســـێک بە فەرمی فێرخوازیش نەبێت ســـود لەمانە وەربگرێت، بەتایبەت لە بواری پەروەردەدا، کە ئەمانە لەڕوی مێژوییەوە کلاسـیکیترن، جۆر و ئاسـتی دوەمیان میتۆدە تایبەتەکانن کە پێکهاتون لە (وانەبێژی و مشـتومڕ و پرسـیار و وەڵام)، ئەمانە تایبەتن بە فێرخوازان و ناوەندە پەروەردەیی و فێرکارییەکان و کاریگەرییشـــیان لەســـەر بوارەکە زیاتر بوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی توێژینەوەکە مێژوییە لەســـەر ئەو بنەمایە تەوەرەی یەکەممان بە میتۆدە کلاســـیکیەکان تایبەتکردوە، هەرچی تەوەرەی دوەمیشە تایبەتکراوە بە میتۆدە تایبەتییەکان.

## تەوەرەی یەكەم: میتۆدە كلاسیكییەكان:

لەڕاستیدا پەروەردە و فێركردن مێژوییەكی زۆر كۆنتر لە مێژوی ئیسلامی هەیە، مەبەست لە كلاسیكی بونی میتۆدەكان ئەوانەیە كە هەر لەسەرەتاكانی مێژوی ئیسلامییەوە وەك هۆكار و ڕێبازێك بەكارهاتون، لەگرنگترین ئەو میتۆدانەش بریتیبون لە:

### ١_ وتاربێژی (الخطابة):

یەكێكە لەمیتۆدە كۆنەكانی فێركردن كە لەناوەندە ئاینییەكاندا بەكارهاتوە، هەر لەسەردەمی پێغەمبەر(د.خ)وە میتۆدێكی گرنگی پەروەردە و فێركردن بوە، بەو پێیەی لەناو دامەزراوە پەروەردەیی و فێركارییەكاندا زیاتر میتۆدی ناو مزگەوتەكان بوە، لەگەڵ پرۆسەی فتوحاتی ئیسلامی و هاتنی موسڵمانان بۆ ناوچە كوردنشینەكان و دروستكردنی مزگەوت تیایدا، ئەم شێوازی فێركاریەش لەناوچە كوردنشینەكاندا بڵاوبویەوە، چونكە بەشێك لەمزگەوتەكانی ناوچە كوردنشینەكان (مسجد الجامع) بون، واتە هەم نوێژیان تیادا ئەنجام دراوە هەم وتاری ڕۆژانی هەینییان تیادا خوێندراوەتەوە (عبوش، ٢٠٠٤، ص٩٦_١٠٤)، لەڕوی زمانەوانییەوە (الخطبة) یان (الخطابة) بەواتای وتار دێت، (الخاطب) یان (الخطیب) بەواتای وتاربێژ دێت، (الخطاب)یش بەواتای وتاربێژی بەتوانا دێت (الرازي، ١٩٩٩، ص٩٢؛ ابن المنظور، ١٤١٤هـ، ج١، ص٣٦٠-٣٦٢؛ القلقشندي، د.ت، ج١، ص٤٧٩؛ امین، ١٩٣٥، ج٢، ص٥٢)، لە ڕوی زاراوەشەوە بریتییە لە قسەكردن و وتاردان بۆ خەڵكی دەربارەی پرس و بابەتێكی ئاینی یان سیاسی یان كۆمەڵایەتی یان هەر بابەتێكی تر، بەڵام مەبەستی سەرەكی لێرەدا زیاتر وتاری ئاینییە، لەگرنگترین بنچینەكانی وتاربێژیش بریتییە لە ڕەوانبێژی و دانایی و جۆش و خرۆش و توانای كاریگەری دانان لەسەر دەرونی گوێگران، دەبێت وتاربێژ توانای ڕاكێشانی سەرنجی بەرامبەرەكەی هەبێت و ئامانجی لەوتاردانەكەی سود گەیاندن بێت بە خەڵكی لەژیانیان و كاروباریان، ئەمانە و چەندین مەرج و تایبەتمەندی تر كە دەبێت لەوتاربێژدا هەبن (طالیس، ١٩٧٩، ص٩؛ السبكي، ١٩٩٣، ص١١٢؛ الجرجاني، ١٩٨٣، ص٩٩؛ زیدان، ٢٠١٢، ج٣،ص١١٨؛ الحوفي، د.ت، ص٥-٦)، لەباسی وتار و وتاربێژیشدا وتراوە، كە سەرەكیترین بابەت لەوتاربێژیدا بریتییە لە سروشتی وتاربێژەكە، كۆڵەكەكەی ڕێگاكەیەتی، وتەكانی باڵەكانیەتی، جوانیەكەی لە شێوازی خستنەڕویدایە، ڕۆشنایيەكەشی لە شێوازی هەڵبژاردنی وشەكانیدایە (الجاحظ، ١٤٢٣ك، ج١، ص٥٩).

لەزۆربەی شارو شارۆچكە كوردنشینەكاندا تەنانەت لەناو بەشێك لەلادێكانیشدا وتاربێژ هەبون، هەندێكیش لەو وتاربێژانە ناوبانگیان بەتەواوی خانەی ئیسلامدا بڵاوبۆتەوە، لێرەدا ئاماژە بەبەشێك لەو وتاربێژانە دەكەین، یەكێك لەوانە: (فخر الدولة ابو القاسم ابن یحیي بن نباتة الحذاقي الفارقي الخطیب القاضي) كە لەدوای ساڵی (٤٩٠ك/١٠٩٦ز)یەوە بوەتە دادوەری شاری میافارقین و لەهەمان كاتدا وتاربێژی شارەكەش بوە (ابن المستوفي، ١٩٨٠، ج١، ص٧٠؛ ابن الفوطي، ١٤١٦هـ، ج٣، ص١٠٧)، (ابوبكر محمد بن علی بن غیاث)

(مردوه لەدوای ساڵی ٥١٤ك/١١٢٠ز) لەشاری هەولێر (اربل) وتاربێژبوه (ابن المستوفي، ١٩٨٠، ج١، ص٨٣)، (ابو الفضل يحيى بن السلامة بن الحسين بن محمد) كە ناسرابو بە (الخطيب الحصكفي) (مردوه لە ٥٥٣ك/١١٥٨ز)، لەشاری دیاربكر گەورەبوە و لە شاری (حصن كيفا) پێگەیشتوە، دوای گەشتێكی زانستی بە خانەی ئیسلامدا، بوە وتاربێژی شاری میافارقین، لە وتاردانا خاوەنی ڕەوانبێژیەكی بێوێنە بوە، لەكاتی وتاردانا قسەگەلی سادە و ئاسان و لەماناشا قوڵی بەكاردەهێنان (ابن الجوزی، ١٩٩٢، ج١٨، ص١٢٨؛ ياقوت الحموی، ١٩٩٣، ج٦، ٢٨١٨؛ ابن خلكان، ١٩٠٠، ج٦، ص٢٠٥_٢١٠)، (عمدة الدين ابو منصور وهوزان بن ابی القاسم الجنزی)، هەرچەندە ساڵی مردنی نەزاندراوە، خەڵكی گەنجە (جنزة)یەو لەدیارترین وتاربێژەكانی ناوچە كوردنشینەكان بوە، سەرەڕای ئەوەی وتاربێژی گوندەكەی خۆی بوە، لەهەمانكاتدا قازی و شەرعزانێكی گەورەی سەدەی (٦ك/١٢ز)ی ناوچەكەی بوە (ابن الفوطي، ١٤١٦هـ ج٢، ص٢٠٢)، (محمد بن على بن الجامع) یەكێكیترە لە وتاربێژەكانی ناوچە كوردنشینەكانی سەدەی شەشەمی كۆچی، لە شاری هەولێر (اربل) وتاربێژ بوە (ابن المستوفي، ١٩٨٠، ج١، ص٣٧٠-٣٧١)، یەكێكیتر لەوتاربێژەكانی ناوچە كوردنشینەكان بریتیبو لە (علم الدين ابو البركات محمد بن عبدالسلام بن محمد بن الخطيب السنجاري) (مردوه لە ٦١٦ك/١٢١٩ز)، كە هەم خۆی هەم باب و باپیرانی وتاربێژی شاری سنجاربون، دەرچوی دامەزراوە پەروەردەیی و فێركارییەكانی ناوچە كوردنشینەكانیش بوە (ابن الفوطي،١٤١٦هـ ج١، ص٥٥٤-٥٥٥).

ئەم میتۆدە سەرەڕای ئەوەی پێویستی بە شارەزاییەكی بەرزی ئاستی زانیاری هەیە، لەهەمان كاتدا پێویستە وتاربێژ شارەزای هونەرەكانی وتاربێژی بێت، لەو بارەشەوە چەندین نوسراو و پەرتوكی تایبەت بەوتاربێژان نوسراون، لەناوچە كوردنشینەكاندا وەك هەر ناوچەیەكی تری خانەی ئیسلام گرنگی بە پەرتوكانێك دراوە كە پەیوەندیدارن بەوتاربێژییەوە، (الخطب ابن نباتة) لەلایەن (ابو على عتيق بن علوى) (مردوه لە ٥٧٥ك/١١٧٩ز) بوەتە بابەتی باسكردن و گێڕانەوە بۆ فێرخوازان لەشاری هەولێر(اربل) (ابن المستوفى، ١٩٨٠، ج١، ص٨٤_٨٦)، لەلایەكی تریشەوە وتاربێژانی ناوچە كوردنشینەكان تەنها وابەستەی مزگەوت و وتاری ڕۆژانی هەینی نەبون، تەنها مینبەری مزگەوتەكان هی ئەوان نەبوە بۆ گەیاندنی زانست و زانیاری، بەڵكو دریغییان نەكردوە لەبەرەوپێشبردنی ڕەوشی پەروەردە و فێركردن لەڕێگای دامەزراوە پەروەردەیی و فێركارییەكانی ترەوە، بەتایبەت قوتابخانەكان، سەرەڕای پیشەی وتاربێژییان دەبونە مامۆستای قوتابخانەكان و چەندین فێرخواز لەسەر دەستی ئەوان پەروەردەكران و پێگەیشتن(ابن المستوفى، ١٩٨٠، ج٢، ص ص٤١، ٢٥٦)، لەناوچە كوردنشینەكاندا وتاربێژانێكی شارەزا لەزانستە ئاینییەكاندا هەڵكەوتن، بەشێكیان (حافظ القرأن) بون، واتە تەواوی قورئانی پیرۆزیان لەبەربوە، نوسەری پەرتوكانیان تیادا هەڵكەوتون، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە كە تەنها گرنگییان بەزانستە ئاینییەكانداوە، بەڵكو بەشێكیان هەڵگری پاشخانێكی فراوانی ڕۆشنبیری بون و لەزۆربەی زانستەكانی وێژە و زمان و ئەندازیاری و ژمێرە و چەندین زانستی تردا شارەزاییان هەبوە، ئەمە جگە لەوەی وتارەكانیان بە پەند و بەسەرهاتی ڕابردو بەڵگەدارتر كردوە و هەندێجارانیش بەسەرهاتی خەندە

ئامێزیان گێڕاوەتەوە، سەرەڕای ڕەوانبێژییان، وتارەکانیان بەشیعران ڕازاندوەتەوە(ابن المستوفی، ١٩٨٠، ج١، ص ص ١٩٠، ٢٥١، ٣١٧، ٤٥٣؛ ابن الشعار، ٢٠٠٥، ج٣، ص٤٠-٤١؛ ابن سعید الاندلسی، د.ت، ص٧٨).

## ٢_ ئامۆژگاری (الوعظ):

یەکێکیترە لە بەربڵاوترین میتۆدەکانی فێرکردنی ناو خانەی ئیسلام و ناوچە کوردنشینەکان، ژمارەیەکی زۆر زانا و فێرکار لە ڕێگایەوە سەر قاڵی پەروەردە و فێرکردن و پێگەیاندنی فێرخوازان بون، تاڕادەیەکی زۆریش ئەم میتۆدە لە وتاربێژی دەچێت و ئەوەی پێویستە لەسەر وتاربێژ لەسەر ئامۆژگاریکەریش هەمان شت پێویستە، (الوعظ) لەڕوی زمانەوانییەوە بەمانای ئامۆژگاریکردن و بیرهێنانەوە دێت(الرازی، ١٩٩٩، ص٣٤٢؛ ابن المنظور،١٤١٤هـ ج٧، ص٤٦٦؛ السبكي، ١٩٩٣، ص١١٣)، لەڕوی زاراوەشەوە بریتییە لە میتۆدی بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری و پەروەردەکردن، بەتایبەت ئەو زانستانەی کە مرۆڤ لە(خودا) نزیک دەکەنەوە و دەبنە هۆکاری بەکەمگرتنی دونیا و بیرکردنەوە و ڕۆیشتن بەرەو ژیانەکەی تر، ئامانجیش لە ئامۆژگاریکردن بریتییە لە پێگەیاندنی مرۆڤ لەڕوی هەبونی زانست بەشتەکان و کردەوەکردن پێیان بۆ بەدەستهێنانی خۆشبەختی و بەختەوەری هەردو دونیا (غەزالی، ٢٠١٦، ب١، ل٤٠٨ ؛ السبكي، ١٩٩٣، ص١١٣؛ طاش كبري زاده، ١٩٨٥، ج٢، ص٥٥١).

ئامۆژگاری ڕێبازێکی گرنگی فێرکردنی فێرخوازان و خەڵکی گشتیش بوە، واتە هەم میتۆدێکی فێرکاری ناو دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان بوە، هەم میتۆدێکی بەربڵاوی فێرکردن و پەروەردەکردنی تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگا بوە، بەتایبەت کاری لەسەر پەروەردەکردنی تاک کردوە، و پێویستە کەسی فێرکار لەم شێوازی فێرکارییەدا بە چاکترین شێوە (الموعظة الحسنة) ئامۆژگاری فێرخوازان و خەڵکی بکات و فێریان بکات و شارەزایان بکات لە زانستەکان و ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارن بە ژیان دونیا و دوارۆژیانەوە (ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ ...) (القران الكريم، السورة: النحل، الاية: ١٢٥)، لەهەمانکاتدا هەردو شێوازی سەرنج ڕاکێشان و ترساندن بەکاربهێنێت بۆ ئەنجامدانی کاری باش و دورکەوتنەوە لە خراپە، واتە پێویستە کەسی فێرکار کاتێک ئامۆژگاری کەسانێک دەکات بۆ ئەنجامدانی کارێکی باشە، سەرئەنجامی ئەو کارە باشەیان پێ بڵێت، کاتێکیش پێیان دەڵێت لەم کارە خراپ و ناپەسندە دور بکەونەوە پێویستە مەترسی ئەنجامدانی ئەو کارەیان بۆ ڕونبکاتەوە، دەبێت ئامۆژگاری بەشێوەیەک بێت دڵی ڕەق نەرم بکات و فرمێسک لەچاوان بهێنێت و کارە خراپەکان بگۆڕێت بۆ چاکە (البيضاوي، ١٤١٨هـ ج٣، ص٢٤٥؛ ابن القيم الجوزي، ١٤١٠هـ ص٣٥٩؛ ابن كثير، ٢٠١٢، ب٣، ل٢٥٠؛ الجرجاني، ١٩٨٣، ص٢٣٦).

میتۆدی ئامۆژگاری لە میتۆدە گرنگەکانی پەروەردە و فێرکردن بوە، هەندێ جاران واعیزەکان هونەری ئامۆژگارییان فێری منداڵان دەکرد و دامەزراوەیەکی پەروەردە و فێرکردنی وەکو ماڵەکانیان کردبوە شوێنی شارەزاکردنی منداڵان لە چۆنێتی پێشکەشکردنی ئامۆژگاریەکانیان، لەناوچە کوردنشینەکانیشدا وەک هەر

ناوچەیەكی تری خانەی ئیسـلام ژمارەیەكی زۆر زانا هەڵكەوتن كە لەڕێگەی میتۆدی ئامۆژگارییەوە لەناو دامەزراوە پەروەردەیی و فێركارییەكاندا سـەرقاڵی فێركردنی فێرخوازان و پەروەردەكردنیان بون و كۆڕی ئامۆژگارییان لەناوچە جیاوازەكان ئەنجامداوە، تەنانەت ناوچە كوردنشـینەكان شـوێنی ڕوتێكردنی واعیزانی ناوچەكانی تری خانەی ئیسـلام بون و ئەوانیش لە ڕێگای ئەم میتۆدەوە ڕۆڵیان لە بەرەوپێشـبردنی ڕەوشـی پەروەردە و فێركردندا هەبوە (ابن المسـتوفي، ١٩٨٠، ج١، ص ص٣٦٢، ٣٨٢، ٤٥٥)، بەشـێك لە واعیزەكانیش هەر لەڕێگەی ئەو میتۆدەوە كەوەك پاشـگری ناو بۆیان بەكاردەهات دەناسـرانەوە، یەكێك لەو زانایانەی كە لەڕێگەی ئەم میتۆدەوە خزمەتی ڕەوشـی پەروەردە و فێركردنی ناوچە كوردنشـینەكانی كردوە بریتیبو لە (ابو الفتوح احمد الغزالي) (مردوە لە٥٢٠ك/١١٢٦ز)، برای ئیمامی غەزالییە، یەكێكبوە لە واعیزە گەورەكانی خانەی ئیسـلام و لەناوچە كوردنشـینەكاندا كۆڕی ئامۆژگاری هەبوە (ابن المستوفي، ١٩٨٠، ج١، ص٣٣_٣٤)، (القاسـم بن عبدالله بن القاسـم القاضـي شـمس الدين الشـهرزوري) (مردوە لە ٥٣٠ك/١١٣٥ز) سـەرەڕای ئەوەی قازی موسـڵ بوە، یەكێكیش بوە لەواعیزە بەتواناكانی ناوچە كوردنشـینەكان (ابن تغري بردي، د.ت، ج٥، ص٢٥٨)، (ابو النجيب السـهروردي) (مردوە لەسـاڵی ٥٦٣ك/١١٦٧ز)، كە یەكێكبوە لە فێرخوازانی قوتابخانەی (النظامية)، سەرەڕای ئەوەی شارەزایی لە زانستی فەرمودەناسی بەدەستهێناوە، سۆفی و فەقیهێكی بەناوبانگی مەزهەبی شـافیعی بوە و كۆڕی ئامۆژگاریشـی لەناوچەكوردنشـینەكاندا هەبوە(ابن المسـتوفي، ١٩٨٠، ج١، ص١٠٧)، (علاءالدين علي بن محمد بن الحسـن البيهقي الواعظ) (مردوە لە ٥٧٧ك/١١٨١ز) كۆڕی ئامۆژگاری لەناوچە كوردنشـینەكاندا هەبوە (ابن الفوطي، ١٤١٦هـ ج٢، ص٣٣١-٣٣٢)، (ابو المعالي ابن سـبنبوا) (مردوە لە ٦٠٤ك/١٢٠٧ز)، كۆڕی ئامۆژگاری لەدامەزراوە پەروەردەیی و فێركارییەكانی شـاری هەولێر (اربل)دا هەبوە (ابن المسـتوفي، ١٩٨٠، ج١، ص١٧٣)، (اسـحاق بن هبة الله بن صـديق الارجيشـي الخلاطي) (مردوە لە ٦١٧ك/١٢٢٠ز)، فەقیهێكی بەناوبانگ و شـاعیر بوە، لەكاتی ئامۆژگاریكردنیشـدا خاوەنی گوفتی شـیرین و شـێوازی دەربڕینی جوان بوە (ابن الشـعار، ٢٠٠٥، ج١، ص٣٥٩)، (ابن الطالباني ابو الحسـن علي بن ابي طالب) (مردوە لە ٦٢٨ك/١٢٣٠ز) كۆڕی ئامۆژگاری هەبوە لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێركارییەكانی شـاری هەولێر (اربل) (ابن المسـتوفي، ١٩٨٠، ج١، ص٢٤٢)، (المفيد ابو يوسـف يعقوب بن على الاسـدي السـنجاري الحافظ الواعظ) (مردوە لە ٦٣١ك/١٢٣٣ز)، شارەزابوە لەزانستی خوێندنەوەی قورئان و شاعیر و واعیزێكی بەتواناش بوە، كۆڕی ئامۆژگاریشـی ئەنجامداوە (ابن الفوطي، ١٤١٦هـ ج٦، ص٤٤٨)، هەمو ئەوانە نمونەگەلێكی لەو جۆرەن، كە ڕۆڵ و كاریگەری خۆیان بە جۆرێك لەجۆرەكان لەسەر ڕەوشی پەروەردە و فێركردن هەبوە.

هەر لەم بارەوە ئافرەتانیش ڕۆڵی خۆیان دیاریكردوە، هاوشـانی پیاوان بونەتە واعیز و پشـكدارییان كردوە لە بڵاوكردنەوەی زانسـت و ئامۆژگاریكردنی دانیشـتوانی ناوچە كوردنشـینەكان، (مؤمنة العالمة بنت غنيمة بن مختار) كە لەزانایانی سـەدەی (٦ك/١٢ز)یە، لەشـاری هەولێر (اربل) كۆڕی ئامۆژگاری تایبەت بە ئافرەتانی هەبوە و لەلایەن خەڵكانیشـەوە پێشـوازی لە ئامۆژگارییەكانی كراوە و هەر لەو شارەشدا كۆچی دوایی كردوە

(ابن المستوفي، ج١، ص٨٦).

شێوازی جوانی گوتن و پێشكەشكردن، ئاستی بەرزی ڕۆشنبیری، كە لەتایبەتمەندییە باڵاكانی كەسی واعیز و میتۆدی ئامۆژگارین، لەواعیزەكانی ناوچە كوردنشـینەكاندا بەدیكراون، سـەرەڕای كۆڕە ئامۆژگارییە ئاینییەكانیان، لەهەمان كاتدا واعیزەكانی ناوچە كوردنشـینەكان وەک وتاربێژەكان كەمتەرخەمییان نەكردوە لە بەدەستهێنانی شارەزایی دەربارەی زانستەكانیتر، یەكێكیش لەتایبەتمەندییەكانی كۆڕە ئامۆژگارییەكان لەناوچە كوردنشـینەكان گرنگیدان بو بەدیاریكردنی شـوێن و كاتی پێشـكەشـكردنی ئامۆژگاریەكانیان، ئەگەر شـوێن و كاتی وتاردان زیاتر بریتیبوبێت لەمزگەوت و ڕۆژانی هەینی و خەڵكانیش زانا بوبن بەو شـوێن و كاتە، ئەوا بۆ كۆڕی ئامۆژگاری بابەتەكە جیاوازبوە، دەشـیا لە هەر شـوێنێک و بۆنەیەكی ئاینی و كۆمەڵایەتیش ئامۆژگاری خەڵک بكەن، بەڵام لەلایەن واعیزەكانەوە دیاریكردنی كات و شـوێنی ئامۆژگارییەكانیان بە پێویسـت زاندراوە، هەیان بوە هەفتانە لە ڕۆژ و كاتێكی دیاریكراو كۆڕی ئامۆژگاری هەبوە (ابن المسـتوفي، ١٩٨٠، ج١، ص ص٣٣-٣٤، ١٧٣، ٣١٧، ج٢، ص٣٤١؛ ابن الشـعار، ٢٠٠٥، ج١٠، ص٣١٠-٣١١؛ ابن الخلكان، ١٩٠٠، ج٣، ص٤٩؛ اليونيني، ١٩٩٢، ج٢، ص٤٠١؛ ابن تغري بردي، د.ت، ج٥، ص٢٥٨)، ئەم میتۆدە تا ئەو ڕادەیە جێگای بایەخ پێدان بوە، لەلایەن واعیزەكانی ناوچە كوردنشـینەكانەوە پەرتوكی تایبەتی دەربارە نوسـراوە، سـەرچاوەكان باسـیان لەوە كردوە (ابو السـعادات الشـهروزري، عبدالقاهر بن الحسـن بن علي) كە لەواعیزەكانی سـەدەی (٦ک/١٢ز)ی ناوچە كوردنشـینەكان بوە، پەرتوكی لەوبارەوە نوسـیوە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بەناوی پەرتوكەكە بكەن(الذهبي، ١٩٩٣، ج٤٥، ص١٧٦؛ الاسـنوي، ٢٠٠٢، ج١، ص٢٨٧-٢٨٨)، هەم لەلایەن دانیشـتوانەوە هەم لەلایەن دەسـەڵاتی سـیاسـی ناوچەكەشـەوە خاوەن پلە و ڕێزی تایبەت بون، ئەوەتا لەكاتی هاتنی واعیزێكی مەغریبیدا بۆ ناوچە كوردنشـینەكان (الواعظ المغربي، زكریا یحي بن احمد بن احمد الاندلسـي الغرنـاطي) (مردوە لـەدوای ٦١٩ک/١٢٢٢ز)، لەسەر داوای خەڵكی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە ڕێگای پێنەدرا ناوچەكە بجێهێڵێت، ئەمەش لەبەر خۆشەویستی خەڵكەكە بوە بۆ ناوبراو (ابن المستوفي، ١٩٨٠، ج١، ص٣٢٦).

هەریەک لەو ڕێگایانەی كەسـەرەوە ئاماژەیان بۆ كرا (وتاربێژی و ئامۆژگاری)، لەگەڵ ئەوەی زیاتر میتۆدی پەروەردەكردن بون، بەڵام ئەوە مانای ئەوەش نییە لەبواری فێركردندا سـودیان لێ نەبیندرابێت، بەڵكو لەگرنگترین ئەو میتۆدانە بون كە لە ڕێگایەوە خەڵكان هاندراون تا منداڵانیان فێری خوێندەواری و خوێندنەوەی قورئان و زانستە ئاینییەكان بكەن، لەدیارترین میتۆدە كلاسیكییەكانی پەروەردەكردنی نەک تەنها منداڵان بەڵكو گەورەكانیش بون.

### ٣_ لەبەركردن (الحفظ):

یەكێكە لە میتۆدە كۆنەكانی ناو دامەزراوە پەروەردەیی و فێركارییەكانی شـارسـتانیەتی ئیسـلامی، لەو میتۆدانەشـە كە فێرخوازان هەر لە قۆناغەكانی بەرایی فێربونیاندا پێی ئاشـنا دەبن، لەم شـێوازی فێركردنەدا

مامۆستا سەنتەرە و ئەركە قورسەكە لەسەر شانی ئەوە لەبواری پەروەردە و فێركردندا، مامۆستا وانەكە بەباشی ئامادە دەكات، دواتر پێشكەشی فێرخوازانی دەكات و بۆیانی شیدەكاتەوە، چەند جارێك دوبارەی دەكاتەوە تا فێرخوازان بەتەواوەتی لەوانەكە تێدەگەن و لەبەری دەكەن، ئەم میتۆدە زیاتر پشت دەبەستێت بە وەبیرهێنانەوە و میتۆدی لەبەركردن (الحفظ)، كە بریتیبو لە دوبارەكردنەوە بۆ باشتر تێگەیشتن، تەنانەت ئەگەر فێرخوازان شتێكیشیان نوسیبوایەوە ئەوە تەنها بۆ لەبەركردن بوە، ئەو دامەزراوە پەروەردەیی و فێركارییانەشی كە ئەم میتۆدەی بە فراوانی تێدا بەكارهاتوە بریتیبون لە كەتاتیبەكان و مزگەوتەكان، بەتایبەتی لە قۆناغی یەكەمی فێربون تیایاندا (ابن الجبير، د.ت، ص٢٢٠؛ السخاوي، ٢٠٠٣، ج٣، ص٤٠؛ الزهارنة، ٢٠١٨، ص١١١)، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە، كە ئەم میتۆدە لە قۆناغەكانی تری فێربون و دامەزراوەكانیتردا بەكارنەهاتبێت، بەڵكو ئەم شێوازە لە زۆربەی قۆناغە جیاجیاكانی فێركردندا بونی هەبوە، بەڵام ئەوەندە هەیە بەهۆی ئەوەی كە فێرخوازان لە قۆناغەكانی سەرەتای خوێندنیاندا شتەكان زیاتر لەبەردەكەن تاوەكو تێیبگەن، هەربۆیەشە لەو دامەزراوانەی ئاماژەیان بۆ كرا زیاتر بەكارهاتون.

هەندێجار فێرخوازان بۆ قایلكردنی مامۆستاكانیان و پیشاندانی توانا و زیرەكی خۆیان بابەتەكانیان بەباشی لەبەردەركرد، لەلایەن زانایان و مامۆستایانیشەوە بۆ سودبینین و گەیاندنی زانیارییەكان پەنای بۆ براوە، كە چونەتە كۆڕە زانستیەكانی ناو مزگەوت، فەرمودە و بابەتە فیقیەكانیان لەبەركردوە، وا پێویست بو لەسەر مامۆستا و كەسی پەروەردەكار (مؤدب)، كەیەكەمجار قورئان بە منداڵان لەبەربكات، دواتر لە زانستەكانی فەرمودە و الفقه و شیعر و زانستەكانی تر شارەزایان بكات (ابو نعيم الاصفهاني، ١٩٧٤، ج٩، ص٧٣؛ الخطيب البغدادي، ٢٠٠٢، ج٩، ص٣١١ ؛ ابن خلكان، ١٩٧١، ج٤، ص١٦٤).

لەكاتی وتنەوەی وانەدا، مامۆستا بەئارامی و خۆبەكەمزانینەوە بەرامبەر تەواوی فێرخوازان و لەشوێنێكی گونجاوی وەها دادەنیشێت كە هەموانی لێوە دیاربێت، بەگوێرەی پێویست تەماشای فێرخوازان دەكات و ئاوڕیان لێدەداتەوە، پێویستە بەشێوەیەكی جوان وانەكە بڵێتەوە و لەوشوێنەدا كە پێویستی بەوەستان هەیە بوەستێت، دوای تەواوبونی وانەكەش وەها باشترە مامۆستاكە پێش فێرخوازەكانی نەڕواتە دەرەوە، بەڵكو تۆزێك چاوەڕێ بكات و بمێنێتەوە تاوەكو ئەو فێرخوازانەی دەیانەوێت بڕۆن نەبنە مایەی بێزاری بۆ ئەوانەی كە پرسیاریان لەمامۆستا هەیە، چونكە لەكاتی هەبونی كاتی زیادەدا دەبێت مامۆستاكە وەڵامی پرسیارانی فێرخوازان بداتەوە كەئاڕاستەی دەكرێن، ئەمەش لەپێناو ئەوەیە كە وانەیەكی كرچ و كاڵیان پێنەگات و ئەوەی خوێندویانە باشتر تێیبگەن، نابێت مامۆستا تاقیكردنەوەی فێرخوازانی لەبیربكات و دەبێت ماوە ماوە ئەوەی بە فێرخوانی لەبەركردوە پێیانی دوبارەبكاتەوە، ئەمەش بۆ زانینی ڕادەی زیرەكی و ئاستی سودبینینیان لەوانەكە گرنگە (ابن الجماعة، د.ت،ص ص١٩-٢٤، ٢٨-٢٩).

لەلایەن زانایانی پێشینیشەوە پەسنی ئەم میتۆدە كراوە و پێیانوابوە فێرخوازان لەكاتی تەلقین و پێلەبەركردنی ڕاستەوخۆ لەلایەن مامۆستاوە سودێكی زۆر دەبینێت و باشترین زانستیش لای ئەوان ئەوە بوە، كە فێرخوازان

ڕاســـتەوخۆ لەدەمی خاوەن زانســـتەكەوە وەری دەگرن، چونكە دەتوانێت بەشـــێوەیەكی جوان لەبەری بكەن و بەشـــێوەیەكی باشـیش ئەو زانســـتەی وەریانگرتوە و لەبەریان كردوە بۆ خەڵكی باس بكەنەوە (الغزالي، ٢٠١٠، ص٨٧)، فێركردنی فێرخوازان بەپێی ئەم میتۆدە فێركردنێكی لەســـــەرەخۆ و پلەبەپلە و بەش بەش و كەم كەم بوە، توانای ژیری و تەمەنی فێرخوازان و ئامادەباشـــــییان بۆ فێربون لەبەرچاو دەگیرا، چونكە بۆ هەندێكیان یەكجار باسـكردنی زانیارییەكە بەس دەبێت و بۆ هەندێک لە فێرخوازانیش دەبێت زیاتر لە دو جار زانیارییەكە دوبارە بكرێتەوە، هێشتا لە ئاستێكدا نین بابەتی ئاڵۆز و مانا نادیار و داخراویان بۆ بخرێتە ڕو و شیبكرێتەوە، ئەمەش پەیوەندی بە جیاوازی تاكایەتیەوە هەیە، كە بابەتێكی تەواو پەروەردەیی و دەرونییە، بەهیچ شـێوەیەک نابێت مامۆستا هەوڵی ئەوە بدات كە زانستێكی زیاتر لەتواناكەی فێری فێرخوازەكە بكات، تەنانەت قورسكردن باری فێرخوازان زانیاری گەلێک كە لەتوانای خۆیاندا نییە تێیبگەن و وەری بگرن، نەک بۆ فێرخوازانی ســـەرەتایی بەڵكو بۆ فێرخوازانی قۆناغەكانی دواتریش كارێكی هەڵەیە و دەبێت فێركاران خۆی لێبەدوربگرن، چونكە دەبێتە هۆی ئەوەی كە فێرخوازان لە تێگەیشـــتن دۆش دابمێنن و ماندوبن و ئاگاییان نەمێنێت و لە خوێندن و فێربون بێئومێد ببن و دور بكەونەوە لەزانست و زانیاری (ابن خلدون، ٢٠١٦، ب٢، ل٥٤٤-٥٤٦).

بەو پێیەی ئەو میتۆدە گرنگترین شێوازی پەروەردە و فێركردنی ناو كەتاتیب و مزگەوتەكان و نەخۆشخانەكان و دامەزراوە پەروەردەیی و فێركارییەكانی تریش بوە و لە ناوچە كوردنشـــینەكانیشـــدا ژمارەیەكی زۆر لەو دامەزراوانە هەبون، میتۆدێكی بەربڵاوی پەروەردە و فێركردن بوە تیایاندا (یوســـف، ٢٠٠١، ج٢، ص٢٧٦)، بەمانایەكی دیكە لەبەرئەوەی ئەم میتۆدە توانای ژیری و بیركردنەوە و لەبەركردن بەهێز دەكات، زۆرێكیش لە زانیاری و زانســـتەكان پێویســـتیان بە لەبەركردن هەبوە، ئیدی دەشـــێ بەربڵاوترین میتۆد بوبێت، فێركار و مامۆستایانیش لەبەركردنیان بە مەرج دانابو بۆ فێربون (ابن خلدون، ٢٠١٦، ب٢، ل٦٥٧).

## ٤_ نوسین (الاملاء)

یەكێكیتر لە میتۆدەكانی فێركردن لەناو دامەزراوە پەروەردەیی و فێركارییەكاندا بریتیبو لە نوســـین (الاملاء)، لەلایەن بەشـێک لەزانایانی موسـڵمانیشـەوە لە ڕیزی یەكێک لە شـێوازە باشـەكانی فێركردن داندراوە (الخطیب البغدادي، د.ت-أ، ج٢، ص٥٣)، لەم شێوازە فێركردنەدا كە لەسەدەی (٢ک/٨ز)یەوە لەناو موسڵماناندا دەركەوتوە، مامۆســتا لەكاتی ئامادەبونی لەكۆڕی فێرخوازاندا ئەو زانســتەی كە لەلای بوە جا لەبەری بوبێت یان یاداشــتی كردبێت و لای خۆی نوســـیبێتی برگە برگە بۆیان دەخوێنێتەوە، واتە لە ڕێگای میتۆدی خوێندنەوە (القراءة) زانســـتەكەی بە فێرخوازان دەگەیاند، فێرخوازانیش ئەوەی پێیان دەوترا دەیاننوســـیەوە، دوای تەواوبون لە نوســـینەوەش دەســـت دەكرا بە شـــیكردنەوە و ڕونكردنەوەی ئەو زانیارییانەی ناڕونن، فێرخوازەكانیش ڕونكردنەوەكانیان لەشـــێوەی پەراوێز (الهوامش) لەلایەكی ئەو پەڕە دەنوســـیەوە كە زانیارییەكەیان تێدا تۆماركردوە (الزهارنة، ٢٠١٨، ص١١٣)، كاتێكیش ژمارەی فێرخوازان زۆر بوبایە و دەنگی مامۆســـتا

نەگەیشتایەتە هەمو فێرخوازان، لەکاتی بەکارهێنانی ئەم شێوازی فێرکردنەدا پشتیان بەکەسێک بەستوە کە پێیوتراوە وەرگر (المستملي)، کە ئیشی وەرگر گەیاندنی زانیاری مامۆستاکەبو بە فێرخوازان، نەدەبو پێچەوانەی مامۆستاکەی قسان بگوازێتەوە و قسان بکات، دەبو پابەندی قسەکانی مامۆستاکەی بوایە، بەتایبەت کە مامۆستاکەی شارەزا و لێهاتو بوایە، پێویستبو لە شوێنێکی بەرزدا بوەستێت یان دابنیشێت تا هەمو فێرخوازان بە باشی گوێیان لێبێت، بەگوێرەی ژمارەی فێرخوازانیش ژمارەی وەرگران زیاد و کەمیان دەکرد (الخطیب البغدادي، د.ت-أ، ج٢، ص٦٥-٦٧؛ السمعاني، ١٩٨٩، ص٦١).

ئەم میتۆدی فێرکردنە تەنها لەلایەن مامۆستایانەوە بەکارنەهاتوە، بەڵکو فێرخوازانیش دەیانتوانی لە ڕێگەیەوە زانیاری ئاڵوگۆڕبکەن و زانست و زانیاری بۆ فێرخوازانی تر بخوێننەوە و ئەوانیش بینوسن، هەندێکجاریش لەپاڵ شێوازی فێرکاری (الاملاء)دا، میتۆدێکی تر بەکارهاتوە کە ناسراوە بە نیشاندان (العرض)، کە فێرخواز ئەو زانیاریانەی تۆماری کردون، پیشانی مامۆستاکەی دەدایەوە، بۆ ئەوەی دڵنیابن لە ڕاستی و ڕێکوپێکی و سەنەد و مەتنی ئەو فەرمودانەی تۆماری کردون، سەرەڕای دڵنیابونەوەی مامۆستا لە دروستی ئەو زانستەی فێرخواز نوسیویەتیەوە، لەهەمان کاتدا بەهۆی ئەم میتۆدەوە مامۆستا دەیتوانی لە ئاستی زیرەکی و توانای فێرخوازەکانیش تێبگات (القابیسی، ١٩٨٦، ص١٤٠؛ الزهارنة، ٢٠١٨، ص١١٥).

لەلایەن زانایانی موسڵمانەوە کۆمەڵێک ڕەوشت و ئاداب بۆ ئەو فێرخوازانە داندراوە، کە دەیانویست لە ڕێگای ئەم شێوازانەوە زانست فێربن، دەبو فێرخوازان بەتەواوی ئامادەکارییە دەرونی و جەستەیی و پێداویستیەکانیانەوە ئامادەبن، خەوتن لەناو کۆڕی نوسین (الاملاء)دا ڕێگەپێدراو نەبو، لەکاتی هەستکردنی مامۆستا بەوەی فێرخوازێک خەواڵ و بێتاقەتە و ئاگای لەوانەکە نییە، شوێنەکەی دەگۆڕی، نەدەبو پێداویستی و ئامرازەکانی نوسینی بیر بچێت، یەکەمین شتێک کە فێرخواز لەسەر کاغەزەکەی دەنوسیەوە بریتیبو لە (بسم الله الرحمن الرحیم)، دەبو ناو یان نازناو و ڕەچەڵەکی ئەو مامۆستایەش بنوسێت کە زانیاریەکانی لێوەردەگرێت، و پێویست بو زانیارییەکان بەجوانی تۆماربکات، دواتر پێیاندابچێتەوە و لەڕاست و دروستییان دڵنیابێت و هاوتابن لەگەڵ زانیاریەکانی لای هاوڕێ و مامۆستاکەی، لەکاتی هەبونی زانیارییەکی زیادەشدا لای ببات و هەڵەکان ڕاست بکاتەوە و هێمایەکیان لەسەر دابنێت (الخطیب البغدادي، د.ت-أ، ج١، ص٢٧٥-٢٧٨؛ السمعاني، ١٩٨٩، ص ص١٦٠-١٦١ ، ١٧٤، ١٨٧، ١٨٩)، لەسەر مامۆستا و فێرخواز وا پێویستکرابو، کە لەکاتی دیاریکراودا بۆ وانە خوێندن ئامادەبونایە، مامۆستایان هێندە لایان گرنگبوە پابەندی کات بن، مردنیان لەتینواندا لەلا ئاسانتر و خۆشتر بوە لەپابەند نەبون بەکاتەوە، بەبێ بەهانەو پاساوێکی ڕێگاپێدراو، نەدەبو فێرخوازان پێچەوانەی کاتی دیاریکراو هەڵسوکەوت بکەن، ئەگەر فێرخوازێکیش دواکەوتبا پێویستبو داوای لێبوردن بکات، هەندێکجار لە کاتی دواکەوتنی فێرخوازێکدا بەزەحمەت مامۆستا زانیارییەکەی دوبارەدەکردەوە، ئەمەش لە پێناو پابەندبونی فێرخوازان بو بەکات و زانینی نرخەکەی بو، مامۆستا هەبوە دوبارەکردنەوەی وتەیەکی لە گواستنەوەی بەردێکی گەورە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر لەلا قورستربوە، هەربۆیەشە فێرخوازان لەترسی

لەدەست نەچونی ئەو زانستەی لەلای مامۆستاكەیانە، تا ئەو ڕادەیە پەیوەست بون بەكاتەوە، كە زۆرجار بە كاتێكی زۆر پێش كاتی وانە خوێندن لەشوێنی دیاریكراو ئاماە دەبون، سودیشیان لەو ماوەیە بۆ پێداچونەوەی ئەو بابەتەی خوێندویانە بینیوە(الخطیب البغدادي، د.ت-أ، ج٢، ص ص٥٨-٥٩، ١٣٥، ١٣٨).

دوبارە نەكردنەوەی وانەش لەلایەن مامۆستاوە بەو مانایە نییە، كە نەریتی دوبارەكردنەوە نەبوبێت، بەتایبەتی لەكاتی وانە خوێندن و دواتریشدا، بەڵكو زیاتر لەبەر پابەندبونی فێرخوازان بوە بەكاتەوە و ئامادەبونیان بوە لە كۆڕی زانستی و وانەكاندا لەكاتی خۆیدا، ئەگینا میتۆدی دوبارەكردنەوە (التكرار) و بیرهێنانەوە (المذاكرة) لەشێوازە گرنگەكانی بواری پەروەردە و فێركردن بون لەناو دامەزراوەكان و ناوچە كوردنشینەكاندا، بەردەوام زانایان جەختیان كردۆتەوە لەسەر ئەوەی كە هەر كاتێك زانیاریەكتان لەلابو، بیری یەكتری بخەنەوە و بۆ یەكتری دوبارە بكەنەوە، تەنانەت كە فێرخواز و فێركار كەسیشیان دەستنەكەوت تاوەكو ئەو زانیارییەی لایانە بیری بخەنەوە و بۆی دوبارەبكەنەوە، ئەوا با ئەم كارە لەگەڵ خۆیان بكەن، واتە لە پێناو لەبیرنەچونەوەی زانستەكە، پێویستە زوزو بیری خۆیانی بخەنەوە و لەدڵی خۆیاندا دوبارە و دوبارە بیڵێنەوە، چونكە بیرهێنانەوەی زانست ژیانە و ئاستی فێرخوازان زیاتر بەرە و پێشەوە دەبات، لەلایەن زانایانیشەوە دڵی فێرخوازان بە گڵ چوێندراوە، كە چاندنەكەی زانستە و بیرهێنانەوەش ئاوەكەیەتی، ئەگەر گڵەكە ئاوەكەی لێ ببڕدرێت، ئەوا چاندنەكەش وشك دەبێت (الخطیب البغدادي، د.ت-أ، ج١، ص٢٣٧-٢٣٨، ج٢، ص٢٦٨، ٢٧٨؛ ابن الشعار، ٢٠٠٥، ج١، ص٣٥٩؛ الیونینی، ١٩٩٢، ج٢، ص٤٠١).

بەو پێیەی ئەو میتۆدە زیاتر لە كاتی فێركاری زانستی فەرمودەدا بەكارهاتوە، كە مامۆستا ئەو فەرمودەیەی لەبەری كردوە یان یاداشتی كردوە و نوسیویەتیەوە دەیخوێنێتەوە و فێرخوازانیش دەیانوسیەوە، لەناوچە كوردنشینەكاندا لەگەیاندنی زانیاریدا میتۆدێكی پشت پێبەستراوبوە، یەكێكیش لەوناوچانەی كۆڕی نوسین (الاملاء) تیایدا میتۆدێكی گرنگی فێركاری بوە، بریتیبو لە شاری (بروجرد)، كە لەلایەن قازی شارەكەوە (ابو القاسم عیسی بن علی ابن عیسی البروجردی) (مردوە لە ٤٢٣ك/١٠٣١ز)، لە ڕێگای ئەو میتۆدەوە فەرمودەكانی پێغەمبەر(ص) گەیەندراون بە فێرخوازن(السمعاني، ١٩٦٢، ج١، ص١٩٣)، جگە لەم ناوچەیە لەناوچەی تری كوردنشیندا فەرمودەناس و دامەزراوەی فێركاری تایبەت بە زانستی فەرمودە هەبون و میتۆدێكی سود لێبیندراو و پشت پێبەستراوبوە، كە لە كاتی باسكردنی میتۆدەكانی تری تایبەت بەزانستی فەرمودەدا ئاماژەیان بۆ كراوە.

## ٥_ گێڕانەوە (الروایة ):

یەكێك لەمیتۆدە بەربڵاوەكانی بواری پەروەردە و فێركردن بوە، كە لەناو دامەزراوە پەروەردەیی و فێركارییەكاندا بەكارهاتوە، دەكرێت هۆكاری بەربڵاویشی ئەوە بوبێت، كە لەم میتۆدەدا پشت نابەسترێت بە نوسینەوەی ئەو زانیاریانەی كە لەم شێوازی فێركارییەدا دەگەیەندرێن، كەسێك زانیارییەك دەگێڕێتەوە و

کەســـــانی تریش تەنها لە ڕێگای گوێگرتنەوە زانیارییەکان وەردەگرن بەبێ ئەوەی بینوســـــنەوە، هەربۆیەش دەکرێت کەسێک کە نوسین نەزانێت، تەنانەت هیچ خوێندەوارییەکیشی نەبێت، لەڕێگەی ئەم میتۆدەوە پشکداری لە بەرەو پێشــبردنی ڕەوشــی پەروەردە و فێرکردن و بڵاوکردنەوەی زانســتدا هەبوبێت، لەلایەن بەشــێک لە زانایانیشـــــەوە ئەم شـــێوازەی پەروەردە و فێرکردنە ڕەخنە کراوە و پێیانوابوە کە لەم میتۆدەی فێرکارییەدا لەوانەیە فێرخواز تەنها گرنگی دابێت بە لەبەرکردن بۆ ئەوەی ببێتە کەســـیکی لەبەرکار (حافظ)ی هەمو جۆرەکانی زانســـت و لێیشـــی تێنەگەیشـــتبێت، زۆر بەجوانی زانســـتەکەی وەرگرتوە و لەبەری کردوە و وتوشـــیەتیەوە، بەڵام بەتەواوەتی نەیزانیوە ناوەڕۆکی ئەو زانیاریەی کە فێری بوە باس لەچی دەکات، لەوبارەشەوە پێغەمبەر (ص) فەرمویەتی (زانست بەستراوەتەوە بە نوسینەوە)، جارێکیشیان کەسێک دەردەدڵی خۆی لەلای پێغەمبەر(ص) کرد کە ئەو زانیارییانەی لەبەریان دەکات لەبیری دەچنەوە، ئەویش پێی فەرمو (دەســتەکانت بەکار بهێنە، تاوەکو ئەوەی دەینوســیەوە، لەکاتی لەبیرچونەوەدا بگەڕێیەوە ســەری) (الماوردي، ١٩٨٦،ص٥٨ ؛ ابن الجوزي، ١٩٨١، ج١، ص٧٧).

ئەم ڕێگای گێڕانەوەیە لەلایەن زانایانەوە بۆ گەیاندنی زانســتی جۆراوجۆر بەکارهێندراوە، بەتایبەت لە زانســتە ئاینییەکاندا، لەناو ئەوانیشــدا زیاتر میتۆدی زانســتی فەرمودەناســی و بڵاوکردنەوەی فەرمودەکانی پێغەمبەر (ص) بوە، لەکاتی گێڕانەوەشدا تەنها بیستن و لەبەرکردنی فەرمودەکە پێویست نەبو، کە ئیمامی شافعیش(خ.ر) زیاتر پەســـنی ئەوە دەکات، بەڵکو گرنگتر لەوە ســـەلیقە و لێهاتویی کەســـی گێڕەرەوە بو (ابن الجماعة، د.ت، ص٥٣).

ناوچە کوردنشـینەکانیش وەک هەر ناوچەیەکی تری خانەی ئیسـلام شـوێنێک بون بۆ گێڕانەوەی فەرمودەکانی پێغەمبەر(ص)، بۆ نمونە (داود بن محمد بن الحســن بن خالد الاربلي ثم الحصـكفي) (مردوە لە ٥٧٠ک/١١٧٤ز)، بۆ ماوەیەک دادوەری شـاری (حصـن کیفا) بوە و لەناوچە کوردنشـینەکاندا (صـحیح البخاري) گێڕاوەتەوە (ابن المستوفي، ١٩٨٠، ج١، ص٢٦٥-٢٦٧؛ ابن کثیر، ٢٠٠٢، ج١، ص٦٣٧_٦٣٨)، پێدەچێت پەرتوکی (صحیح البخاري) لە فەرمودە بەربڵاوەکانی ناوچە کوردنشـــینەکان بوبێت، لە چەندین کۆڕی زانســـتی تردا لەلایەن زانایانەوە گێڕدراوەتەوە (ابن المســتوفي، ١٩٨٠، ج١،ص ص١٨٤، ١٩٨؛ ابن خلکان، ١٩٠٠، ج١، ص١، ج٣، ص٢٢٦؛ الذهبي، ١٩٥١،ج١، ص١٥٨)، (حنبل بن عبداالله ابن الفرج السـعادة) (مردوە لە ٦٠٤ک/١٢٠٧ز)، (المسـند)ی ئیمام احمدی بۆ فێرخوازان لەناوچە کوردنشـــینەکان گێڕاوەتەوە (ابن المســـتوفي، ١٩٨٠، ج١، ص١٦٢؛ ســـبط ابن الجوزي، ٢٠١٣، ج٢٢، ص١٦٢؛ الـذهبي، ١٩٨٥، ج٢١، ص٤٣١-٤٣٢)، هـەریـەک لـە (ابو محمـد الموقـاني) (مردوە لـە ٦١٠ک/١٢١٣ز) و (ابو الحسـن علی بن اسـماعیل بن مسـلم بن سـلمان الاربلي) (مردوە لە ٦١٨ک/١٢٢١ز) دو لە گێڕەرەوەکانی فەرمودەکانی پێغەمبەر (ص) بون و لەناوچە کوردنشـــینەکاندا فەرمودەیان گێڕاوەتەوە (ابن المسـتوفي، ج١، ص ص٢١٣، ٤٤٧)، بەو پێیەی ژمارەیەکی زۆر فەرمودەناس هەبون لە ناوچە کوردنشـینەکاندا، ئەمە یەکێک بوە لە میتۆدە بەر بڵاوەکانی پەروەردە و فێرکردن تیایدا و زانایانی فەرمودەناس لەناوچەکانی

تری خانەی ئیســـــلامەوە هاتونەتە ناوچە كوردنشـــــینەكان و گوێیان لە گێڕەرەوەی فەرمودەكان گرتوە، لە شـــێوازی فێركاری بیســـتن (الســـماع) دا ئاماژە بە ژمارەیەک زانای تر كراوە، كە لە ناوچە كوردنشـــینەكاندا فەرمودەیان گێڕاوەتەوە، بەڵام ئەوە مانای ئەوەش نییە، كە ئەم میتۆدە تەنها لەلایەن زانایانی فەرمودەناســـەوە بەكارهاتبێت، بەڵكو لەبابەتە وێژەییەكانیشـــدا میتۆدێكی ســـود لێبینداروا بوە و لەناو دامەزراوە پەروەردەیی و فێركاریەكانی هەولێر (اربل)دا جگە لەفەرمودە چیرۆكیش گێڕدراونەتەوە (ابن المســـــتوفي، ١٩٨٠، ج١، ص ص٨٠-٨١، ٣٧٠)

## ٦_ بیستن (السماع):

یەكێكیترە لەمیتۆدە بەكارهاتوەكانی ناو دامەزراوە پەروەردەیی و فێركارییەكان، دەكرێت بوترێت تێكەڵەیەكە لە هەردو میتۆدی نوسین(الاملاء) و گێڕانەوە (الروایة)، چونكە لەم شێوازەدا فێرخوازان گوێبیستی زانیارییەكە دەبون و لەبەریان دەكرد، یاخود دەیان نوســـیەوە، بەڵام زانا هەبوە نوســـینەوەی لەكاتی بیســـتنی زانیاریدا بەكارێكی باش دانەناوە، چونكە لە دۆخێكی وەهادا مێشـــكی فێرخواز مەشـــغوڵ دەبێت، ئەگەر نوســـینی لەگەڵ نەبێت ئەوا بیســـتنەكە دەبێتە بیســـتنێكی ڕاســـت و دروســـت، ئەم شـێوازی بیســـتنە ســێ جۆری هەبو، یەكەمیان مـامۆســـــتـاكە زانیـارییـەكـەی دەوت یـاخود دەخوێنـدەوە و فێرخوازەكـە گوێی بۆ دەگرت، جۆری دومیـان فێرخوازەكە زانیارییەكی دەوت و مامۆستاكە گوێی بۆ دەگرت، سێیەمیشان مامۆستاكە زانیارییەكی نوسراوی بە فێرخوازەكە دەدا و پێیدەوت لەمنەوە ئەو زانیـارییە بخوێنەوە و بگێڕەوە(الخطیب البغدادي، د.ت-ب، ص ص٦٧، ٣٢٣؛ ابن المستوفي، ج٢، ص٣٢٧؛ ابن الفوطي، ١٤١٦هـ ج٢، ص٥٣٥).

بەو پێیەی ئەو میتۆدە زیاتر شـــــێوازی فێركردنی زانســـــتی فەرمودە بوە و لەناوچە كوردنشـــــینەكانیشـــــدا فەرمودەناســـــی زۆر هەبون، هەر لە پێش ماوەی لێكۆڵینەوەكەوە یەكێك بوە لە ڕێگا بەربڵاوەكانی فێركردن تیایدا (المقدسي، ١٩٩١، ص٣٧٩)، لەكاتی باسكردنی ژیاننامەی زانایان و فێرخوازانەوە لەلایەن مێژونوسـانەوە، لەچەندین شـوێندا ئاماژە بەوە كراوە كە زانیاریان بیسـتوە یان لێیان بیسـتراوە، كە بەشـێك لەوانە لەناوچە دورەكانەوە ڕویان كردوەتە ناوچە كوردنشینەكان لەپێناو بەشداریكردن لە كۆڕی بیستنی زانست و زانیاریدا، لە بەناوبانگترین ئەو زانایانەشـــــی كە فەرمودەیان لێبیســـــتراوە بریتیبون لە (ابوالعباس الزرزاري) (مردوە لە ٥٩١ک/١١٩٤ز)، (الیاس بن جامع بن علي، ابو الفضـــــل الاربلي) (مردوە لە:٦٠١ک/١٢٠٤ز)، فێرخوازانێكی زۆر ســـەردانیان كردون و زانیاریان لێ بیســـتون، لەو كۆڕە زانســـتییەی كە (قاســـم بن عبدالســـلام بن محمد بن عبدالعزیز، الخطیب السنجاري) (مردوە لە ٦٠٥/١٢٠٨ز) بەشداری تێدا كردوە لەشاری هەولێر (اربل)، پەرتوكی (درر الســـــنة) بیســـــتراوە، واتە پەرتوكەكە خوێندراوەتەوە و فێرخوازانیش گوێیان گرتوە، هەروەها لە كۆڕی زانستی كە لەساڵی (٦١٤ک/١٢١٧ز)دا لەشاری هەولێر ئەنجام دراوە(صحیح البخاري) بیستراوە، بەهۆی بونی خانەی فەرمودە (دار الحدیث) و چەندین زانای فەرمودەناس لەشـــارەكەدا، پشـــت بەســـتن بە بەكارهێنانی ئەو

میتۆدە زیاتر دەكاتە ئەمری واقع، بەتایبەت كە زانستی فەرمودەناسی زیاتر كار لەسەر گێڕانەوە و مەتن و ڕاوییەكان دەكات، كە هەمو ئەوانە پێویستییان بەوردی لەبەركردن و گێڕانەوەی بێ پچڕان هەیە، چەندین كۆڕی زانستی بۆ بیستنی فەرمودەی تیادا ئەنجامدراوە (ابن النقطة الحنبلي،١٤١٠هـ،ج١،ص٢٥٣؛ ابن المستوفي، ١٩٨٠، ج١، ص ص١٢١-١٢٢، ١٢٦،١٧١، ١٧٣، ج٢، ص٣٢٧؛ ابن الفوطي، ١٤١٦هـ، ج٢، ص٥٣٥)، لەزانای فەرمودەناسی داقوق (دقوقا) (ابو عبدالله محمد بن بختيار البعقوبي) (مردوە لە ٦١٧ك/١٢٢٠ز)، پەرتوكی (سنن النسائی) بیستراوە (ابن المستوفي، ١٩٨٠، ج١، ص١٩٠).

(الحافظ عبد القادر الرهاوي) (مردوە لە ٦١٢ك/١٢١٥ز) و (ابو الحسن البغدادي) (مردوە لە ٦١٨ك/١٢٢١ز) و (ابو الربيع البلدي) (مردوە لە دوای ٦٢٤ك/١٢٢٧ز) و (النجاد الموصلي) (مردوە لەدوای ساڵی ٦٢٩ك/١٢٣١ز) و (ابو حامد الكرماني الصوفي) (٦٣٥ك/ ١٢٣٧ز) و (احمد بن عمر بن احمد، ابو محمد الفقيه الحنفي الكفرعزي) (مردوە لە: ٦٣٧ك/١٢٣٩ز) لەو زاناو فێركارانەبون كە كۆڕی بیستنیان ئەنجامداوە و زانیارییان لێبیستراوە لەناوچە كوردنشینەكاندا (ابن المستوفي، ١٩٨٠ ج١، ص ص٣٩ ، ١٣١-١٣٢، ٢١٣، ٣٩٧، ٢٥٢؛ ابن الشعار، ٢٠٠٥، ج١، ص ص ٢٩٢، ٤٤٧، ج٦، ص٣٠٤).

## تەوەرەی دووەم: میتۆدە تایبەتییەكان:

### ١_ وانەبێژی (المحاضرة):

هەتاوەكو شێوازەكانی پەروەردە و فێركردن زۆر و جۆراوجۆربن كاریگەرییەكانی بۆ سەر دەرەنجامەكانی ڕەوشی پەروەردە و فێركردن زیاتر دەبن، وانەبێژیش یەكێكی تر بوە لە میتۆدەكانی فێركردن، كە لەم شێوازی فێركارییەدا مامۆستا وانەیەكی پێشكەشی فێرخوازانی دەكرد، دەبو بەشێوەیەك بابەتەكە بخاتە ڕو سەرنج و خولیا و ئارەزوی فێرخوازان بۆ لای بابەتەكە ڕابكێشێت، كەسی وانەبێژ لەسەرەتای دەستپێكردنی وانەكەیدا پێویست بو بەشێوەیەكی كورت بابەتەكەی بۆ فێرخوازان باس كردبوایە ، پاشان لە ڕێگای هێنانەوەی نمونەوە بابەتەكەی ڕون دەكردەوە، بەخستنەڕوی ئەو بەڵگانەش كە بونیان هەیە لەسەر بابەتەكە وانەكەی زیاتر دەوڵەمەند دەكرد، دەبو وانەبێژ وانەكە بەجۆرێك بخاتە ڕو كە سەرنجی فێرخوازان بەخۆیەوە پەیوەست بكات، دوای تەواوبونی وانەكەش پشویەك بدات و بێدەنگ بێت، ڕێگە بە فێرخوازەكانی بدات لەسەر بابەتەكە بیربكەنەوە، دواتر گفتوگۆ لەسەر بابەتی باسكراو لەگەڵ ئامادەبوان بكات، دەبو گوێ لەو پرسیارانەش بگرێت كە لەلایەن فێرخوازانەوە ئاڕاستەی دەكرێن و وەڵامیان بداتەوە، خۆ ئەگەر مامۆستا نەیتوانیبایە وەڵامی یەكێك لەپرسیارانی فێرخوازەكان بداتەوە، یان زانیاری تەواوی لەسەری نەبوایە، ئەوا نەدەبو لەخۆیەوە وەڵام بداتەوە، پێویست بو وەڵامەكەی بریتیبێت لە نازانم، كە ئەمەش گەورەیی مامۆستاكە دەردەخات و فێرخوازانیش بەدور دەبن لەوەرگرتنی زانست و زانیارییەكی هەڵە، پێویست بو مامۆستا پرسیار لەفێرخوازانی بكات دەربارەی ئەو بابەتەی كە باسی كردوە، ئەمەش بۆ دڵنیابون لەوەی ئایا فێرخوازان لەوانەكە تێگەیشتون

و تا چەند سودیان لێی بینیوە، سودێکی ئەم جۆرە پرسیارکردنانەی فێرکار لەفێرخوازانیش بریتییە لەدوبارە باسکردنەوە و بیرهێنانەوەی ئەو بابەتەی پێشتر خراوەتەڕو (الزرنوجی، د.ت، ص٤٢ ؛ الديوجي، ١٩٨٢، ص٨٧-٨٨)، ئەمەش یەکێکە لە هونەرە گرنگەکانی وانە گوتنەوە، کە بێگومان ئەو مامۆستایانەشی پەنایان بۆ بەکارهێنانی ئەو میتۆدە بردوە، دەبێت خاوەنی کۆمەڵێک خەسڵەت بوبن، لە زمان پاراوی و توانای دەربڕین و زیرەکی و لێهاتویی لە دەستگرتن بەسەر ئاگایی فێرخوازاندا، چونکە بە پلەی یەکەم پێشکەشکردنی وانە بەم میتۆدە لەسەر ئەستۆی مامۆستایانە (طوالبة، ٢٠١٠، ص١٨٠).

لە ناوچە کوردنشینەکانیشدا زاناگەلێک هەبون کە لەڕێگای ئەم میتۆدەوە خزمەتی ڕەوشی زانستی و پەروەردە و فێرکردنیان کردوە، بۆ نمونە (علي بن ابي بكر بن عمر الحراني) کە لە ساڵی (٦١٧ک/١٢٢٠ز) لەشاری (خلاط) مردوە و لەشاری حران نێژراوە، لە پێشکەشکردنی وانە لە ڕێگای میتۆدی وانەبێژی (المحاضرة)ەوە کەسێکی بەتوانا و ناسراوبوە و توانیویەتی لێهاتوانە و بەشێوەیەکی باش زانستەکەی بگەیەنێت (ابن المستوفي، ١٩٨٠، ج١، ص٢٩٧-٢٩٨)، هەروەها فەقیهی شافیعی (البهاء السنجاري) (مردوە لە ٦٢٢ک/١٢٢٥ز)، ماوەیەک لەشاری هەولێر (اربل) بوە و لەشارەکەدا لە ڕێگای ئەم میتۆدەوە وانەی جۆراوجۆری گوتۆتەوە، کۆتاییەکانی تەمەنیشی لەشاری (سنجار) بەڕێکردوە، تا کۆچی دوایی کردنیشی لەوشارەدا خزمەتی ڕەوشی پەروەردە و فێرکردنی کردوە (ابن خلكان، ١٩٠٠، ج١، ص٢١٤-٢١٧)، یەکێکیتر لەو زانایانەی کە لەناوچە کوردنشینەکاندا بە پەروەردە و فێرکردنی فێرخوازانەوە خەریکبوە و لە کۆڕی وانەبێژیدا بێوێنەبوە بریتییە لە (شرف الدين ابن منعة، ابو الفضل احمد بن كماالدين الاربلي) (مردوە لە ٦٢٢ز/١٢٢٥ز)، کە لەدوای مردنی باوکیەوە لە قوتابخانەی (المظفرية) لەشاری هەولێر بوەتە مامۆستا و وانەی تیادا وتۆتەوە (ابن خلكان، ١٩٠٠، ج١، ص١٠٨؛ بەهرامی نیا، ٢٠٠٩، ل٢٥٢-٢٥٣)، بێگومان ئەمانە نمونە گەلێکن کە دەستکەوت و دەرەنجامەکانی ئەمانە و نمونەی تریش بەتایبەتی لەماوەی سەدەکانی (٥_٧ک/١١_١٣ز) بوەتە هۆی پێشکەوتنی ڕەوشی پەروەردە و فێرکردنی ناوچە کوردنشینەکان.

## ٢_ مشتومڕکردن (المناظرة):

لەگەڵ گەشەکردنی بزاڤی زانستی و ڕۆشنبیری و سەرهەڵدانی ڕێباوەڕ و سێکتە ئاینییەکان، ئەم جۆرە ڕوبەڕوبونەوە زانستییە لەنێوان زانایان لەمەڵبەندە زانستییەکاندا بو بە نەریتێکی زانستی، تاوای لێهات بو بەمیتۆدێکی گرنگی فێرکردن(ابن خلدون،٢٠١٦، ب٢، ل٣٢١_٣٢٥)، تیایدا دو کەس ڕوبەڕوی یەکتر دەبنەوە و مشتومڕی زانستی ئەنجام دەدەن لەسەر بابەتێک، کە دەبێت زانیاری زۆریان لەسەری هەبێت، یان لانیکەم دەبێت باش خۆیان ئامادە بکەن و زانیاری لەسەر ئەو بابەتە کۆبکەنەوە کە لەسەری دەچنە گفتوگۆوە لەگەڵ یەکتر، لەڕوی زمانەوانییەوە (المناظرة) وەرگیراوە لە وشەی (النظر) کە بەواتای (بە چاوەکانی لەشتێک ڕاما) دێت (تامل الشيء بالعين) (الرازي، ١٩٩٩، ص٣١٣؛ ابن المنظور،١٤١٤هـ ج٥، ص٢١٥)، لە ڕوی زاراوەشەوە

وەرگیراوە لە (المطارحة)، کە بەواتای خســـتنەڕو بۆ یەکتری دێت، کە تیایدا دو کەس گفتوگۆ لەگەڵ یەکتری دەکەن و زانیاری و بەڵگەکانیان لەســـەر بابەتێک بۆ یەکتری دەخەنەڕو(الزرنوجي، د.ت، ص٤٢)، جا ئەم بابەتە سەر بەهەر زانستێک بێت، زانستی ئاینی بێت یان زانستەکانی تر.

لەناو بزاڤی زانســـتی و فێرکردندا، گرنگی زۆر بەم میتۆدە دراوە، لەلایەن زانایانەوە داواکراوە، کە پێویســـتە فێرخوازان ڕابهێندرێن و ڕێگەیان پێبدرێت گفتوگۆ و مشـتومڕ ئەنجام بدەن، ئەم میتۆدەش کە بریتییە لەشـەڕە قســـەیەکی زانســـتیانەی نێوان دو زانای پەیڕەوانی مەزهەبە فیقهیەکان و جگە لەوانیش لەســـەر بابەتێکی دیاریکراو، کاتێک لەناو موسـڵماناندا بڵاوبویەوە و کاری پێکرا کە بابەتی ڕەتکردنەوە و قبوڵکردنی مەسـەلەکان لەناو موسـڵماناندا فراوان بو، لەکاتی مشـتومڕ و دەمەدەمێی نێوان زانایانیشـدا بەو پێیەی هەریەکە و خاوەنی ڕایەکی جیابو لەســـەر هەمان بابەت، زۆر جار بەشـــێوەیەکی ڕەها و توند قســـەیان دەکرد، هەندێکجار لەقســـەکانیاندا ڕاســتبون و هەندێکجاریش هەڵە، ئەمەش وای لەبەشـێک لە زانایان کرد لەپێناو زیاتر زانسـتی بونی گفتوگۆکان کۆمەڵێک ڕەوشـــت و مەرج بۆ بەشـــداران دابنێن، تاوەکو لەکاتی ڕوبەڕوبونەوەی یەکتردا ڕەچاویان بکەن (الخطیب البغدادي، ١٤٢١هـ ج٢، ص٢٧٧؛ ابن خلدون، ٢٠١٦،ب٢، ل٣٢٢-٣٢٤).

لەگرنگترین ئەو ڕەوشـتانەشـی کە بۆ مشـتومڕکاران داندرابو بریتیبو لەوەی کە دەبێت بەدوای کەسـانی زانادا بگەڕێت بۆ بۆ مشتومڕکردن و ئاستی زانستی و ژیری و تێگەیشتنی بەرزبێت، تاوەکو سودی لێببنێت، نەوەکو کەسانێک کە شارەزاییەکی کەمیان هەیەو ئامانجی تەنها ئەوەبێت زاڵبێت بەسەریدا، چونکە ئەوکاتە لەبری سود بینین، مشـــتومڕی نێوانیان شـــتێکی دوژمنکارانە دەبێت(غەزالی، ٢٠١٦، ب١، ل٢٣٥)، بەهیچ شـــێوەیەک نابێت لەکاتی گفتوگۆکردندا ڕق و کینە و دوبەرەکی بونی هەبێت و ســـەر بکێشـــێت بۆ بەرهەمهێنانی تورەیی و ئاژاوەگێڕی، دەبێت بەڵگە بۆ گوتەکانی بهێنێتەوە و بزانێت چ کاتێک ڕەخنە دەگرێت و چ کاتێکیش بێدەنگ دەبێت، نابێت بە نەزانی گفتوگۆ بکات و قسـەکانی ئاڵۆزی و نادیارییان پێوەدیاربێت، بەڵکو پێویســتە ئاســان و گشـــتگیر و ڕەوان بن و خۆی لە زۆر بڵێی بێ کەڵک بەدور بگرێت، دەبێت پێشـــتر خۆی ڕابهێنێت لەســـەر شێوازی پرسیارکردن و وەڵامدانەوە، پشت نەبەستێت بەشتێک و قسەش لەسەر شتێک نەکات کە پەیوەندی بە قســـەکانی ئەوەوە نییە، چونکە ئەوە دوری دەخاتەوە لە وەڵامدانەوەی ڕاســـت و دروســـت و بیســـەریش لەمەبەســـتەکەی تێناگات، دەبێت مونازەرەکردنی لەپێناو زانســـت و بەخشـــینی زانســـتدا بێت نەک بۆ ڕیایی و بۆڕدانی بەرامبەرەکەی و خۆ نواندن و خۆسـەپاندن، دەبێت بۆ بەدواداچونی ڕاسـتییەکان وەک کەسـێک وابێت کە شتێکی لێونبوە و بەدوایدا دەگەڕێت تا بیدۆزێتەوە، کە دەشێت لەلای خۆی بیدۆزێتەوە، دەشگونجێت لەلای بەرامبەرەکەی بێت، نابێت جیاوازی بکات لەنێوان ئەو ڕاســـتییەی کە لەســـەر زمانی خۆی یان زمانی بەرامبەرەکەی دەخرێتە ڕو، تەنانەت بەشـــێک لەزانایانیش لەکاتی گفتوگۆ لەگەڵ بەرامبەرەکانیاندا حەزیان کردوە قســەی ڕاســت و بەجێ لەدەمی بەرامبەرەکەیان ببیســتن، کاتێکیش بەرامبەرەکەی لەهەڵەیەک ئاگاداری دەکاتەوە دەبێت سـوپاسـی بکات نەک وەکو دوژمن سـەیری بکات، ئەم ڕەوشـتانە لەگەڵ چەندینی تردا کرابونە

بنەمای مشتومڕکردن(الخطيب البغدادي، ١٤٢١هــــ ج٢، ص ص٥٣، ٥٦، ٧٠؛ ابن عبدالبر الاندلسي، ١٩٩٤، ج٢، ص٩٦٨؛ غــەزالی، ٢٠١٦، ب١، ل٣٢٤-٣٣٦؛ الزرنوجي،د.ت،ص٤٢؛ النوي، ١٩٨٧، ص٢٩؛ العلموي، ٢٠٠٤، ص٢٢٣-٢٢٨).

مشتومڕکردن لەسەر هەر بابەتێک بێت ئەنجامەکەی لەم سێ حاڵەتە بەدەرنەبوە، یان باوەڕی بەو بۆچون و زانستەی کە لایەتی پتەوتر و تۆکمەتر دەبێت، یان شکوگومانی بۆ دروست دەبێت لەسەر ئەو بابەتەی کە لەسەری چوەتە مشتومڕکردنەوە، هەندێک جاریش بۆچونی کەسێکی دەربارەی بابەتێک گۆڕیوە، پێشتر کە بۆچونی جۆرێک بوە لەسەر شتێک، لەوەیە لەدوای مشتومڕەکەوە گۆڕانی بەسەردا بێت (ابن عبدالبر الاندلسي، ١٩٩٤، ج٢، ص٩٦٨)، دەکرێت ئەم حاڵەتانەش بە ڕەهەندی سەرکەوتن و قایلبون لێکبدرێنەوە، کە پەیوەندی بە ئاستی لێهاتوی و بەڵگە دروستی و هونەری باوەڕ پێهێنانی بەرامبەرەکەیەوە هەبوە، گرنگی ئەم میتۆدەش لەوەدا دەرکەوتوە، کە خەسڵەتی گەیشتن بە ڕاستی زانستی و داننان بە شکست و ڕەواندنەوەی گومانەکان خۆی بینیوەتەوە، هەر لەبەر ئەوەشە کە جگە لەمانە، زۆر مەرج و بنەمای تر لەلایەن زانایانەوە بۆ ئەم میتۆدە دیاریکرابون.

ئەم میتۆدە کاریگەری زۆری لەسەر بەرەو پێشچونی ڕەوشی پەروەردە و فێرکردن هەبوە، چونکە مشتومڕکردن هێز بەزمان دەبەخشێت و وادەکات فێرخوازان زمانیان بێتەوە بۆ قسەکردن لەسەر بابەتەکان و بەڵگەبهێننەوە بۆ قسەکانیان لەبەرامبەر ئەو کەسانەی کە مشتومڕیان لەگەڵدا دەکەن، کاریگەریشی لەسەر بەرەو پێشچونی زانستەکان هەبوە، تەنانەت یەکێک لەزاناکان پێیوایە کە زانست مردوە و یەکێک لەهۆکارەکانی زیندوکردنەوەی بریتییە لە گفتوگۆ و مشتومڕکردن، ئەو فێرخوازانەشی تەنها بەشداری کۆڕە زانستییەکان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک مشتومڕ و گفتوگۆی زانستی ئەنجام نادەن، سودێکی ئەوتۆ لە ڕۆچون و شارەزابون لە زانستەکان نابینن (الخطيب البغدادي، ١٤٢١هــــ ج٢، ص ص٨، ٢٧٨؛ ابن خلدون، ٢٠١٦،ب٢، ل٢٦٤)، مشتومڕکردن زاناگەلێکی لێهاتوی بە کۆمەڵگا دەبەخشی، چونکە کەسی گفتوگۆکار دەبو خۆی بە چەندین تایبەتمەندی و بنچینەی جوانی زانستی وەکو وردییەتی لە هەستکردن و ژیریتی و شارەزابون لە قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر(ص) و بیروبۆچونی زانایان و زمان و چەندین تایبەتمەندیتر برازێنێتەوە (الخطيب البغدادي، ١٤٢١هـ ج٢، ص٣٦).

میتۆدی مشتومڕکردن و گفتوگۆی زانستییانە، هەر لەزویەکی زوەوە شێوازێکی تری فێرکاری ناوچە کوردنشینەکان بوە، دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکانی ناوچە کوردنشینەکان شوێنێکی گرنگی ئەنجامدانی مشتومڕە زانستییەکان بون (ابن المستوفي، ١٩٨٠، ج١، ص٨٦)، یەکێک لە مشتومڕچیەکانی ناوچە کوردنشینەکان بریتیبو لە (ابو السعادات الشهرزوری عبدالقاهر بن الحسن بن علی الشهروزری، الملقب حجة الدين) (مردوە لە ٥٧١ک/١١٧٥ز)، سەرەڕای ئەوەی فەقیهێکی بەتوانابوە، شارەزابوە لە زانستی زمان و ڕێزمان و کۆڕی مشتومڕی لەگەڵ زانایان ڕێکدەخست (الاسنوي، ٢٠٠٢، ص٢٧٧-٢٧٨؛ البغدادي، ١٩٥١، ج١، ص٦٠٧)،

یەکێک مشتومڕکارە گەورەکانی سەدەی (٦ک/١٢ز)ی ناوچە کوردنشینەکان کە لەشاری حران کۆچی دوایی کردوە بریتیبو لە (حامد بن محمود بن حامد بن محمد بن ابي عمرو الحراني)، کە وتاربێژ و مامۆستایەکی بەتوانا و لەهەمان کاتدا موفتی شارەکەی بوە (ابن الجوزي، ١٩٩٢، ج١٨، ص٢١٦؛ ابن العماد الحنبلي، ١٩٨٦، ج٦، ص٣٩٢)، زانای بەناوبانگی ناوچە کوردنشینەکان و ئەدیب و شارەزا لە زانستی ڕێزمان و فەلسە (محمد بن یوسف بن بن قائد الخطيب البحراني) (مردوە لەساڵی ٥٨٥ک/١١٨٩ز)، لەشاری هەولێر (اربل) دەربارەی زانستی ڕێزمان مشتومڕی ئەنجامداوە لەگەڵ زانای گەورە (ابن الشحنة، عمر بن محمد بن علي الموصلي) (مردوە لە ساڵی ٦٠٦ک/١٢٠٩ز)، ئەم زانایە دانیناوە بەوەی کە (الخطيب البحراني) لە زانستی ڕێزماندا کەسێکی شارەزایە، سەرەڕای زیرەکی و لێهاتویی مشتومڕچییەکانی ناوچە کوردنشینەکان، ئامانجیان لە مشتومڕکردن بۆڕدانی یەکتر و خۆدەرخستن و باڵا پیشاندانی خۆیان بەسەر بەرامبەرەکەیاندا نەبوە، بەڵکو گفتوگۆکانیان زیاتر ڕوکارێکی زانستیانەی هەبوە و ئامانج لێی خزمەتکردنی زانست و ڕەوشی پەروەردە و فێرکردن بوە، هەر ئەمەشە وایکردبو چەند ڕۆژان زانایان لە مشتومڕکردن بەردەوام بن، تەنانەت مشتومڕ هەیە یەک هەفتەی خایاندوە! دوای بە کۆتا گەیشتنی مشتومڕەکەش، باس و خواسەکانی ناوی کراونەتە پەرتوک و لەلایەن فێرخوازان و زانایانی ترەوە بوەتە جێگای بایەخ پێدان و سود لێبینین (ابن المستوفي، ١٩٨٠، ج٢، ص٤٣٦ ؛ السيوطي، د.ت، ج١، ص٢٨٦-٢٨٧؛ یوسف، ٢٠٠١، ج٢، ٢٧٠-٢٧١؛ حوسێن، ٢٠١٠، ل٣٢٦).

## ٣_ پرسیار و وەڵام (السؤال و الجواب):

پرسیارەکانی ناو پۆل بە یەکێک لە شێوازە گرنگەکانی هەڵسەنگاندنی زارەکی دادەندرێن، ڕۆڵێکی گرنگیان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن هەیە، دەبێتە هۆی زیاتر چالاکبونی فێرخوازان، بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستە جیاوازەکانی فێرکردن بەکاردەهێندرێت، لەلایەکی تریشەوە هەرچەندە مامۆستایان میتۆد و شێوازی جۆراوجۆری پەروەردە و فێرکردن بەکاربهێنن، ئەگەر لەپاڵیدا ڕێگا بە فێرخوازان نەدەن پرسیار بکەن و وەڵامیشیان نەدەنەوە، ئەوا وەک پێویست ئەنجامەکان بەردەست نابن، چونکە زۆرجاران لەکاتی وتنەوەی وانەدا بەهۆی تێنەگەیشتنەوە بێت یان ئاڵۆزی و قورسی بابەتەکەوە، پرسیارگەلێکی زۆر بۆ فێرخوازان دروست دەبن، کە ناکرێت بەبێ وەڵام جێبهێڵدرێن، بەپێی زانستی دەرونزانی پەروەردەیی نوێش دەرکەوتوە، کە پرسیارکردن یەکێکە لە هونەرەکانی وانە گوتنەوە، هۆکارێکی کاریگەرە بۆ وروژاندنی بیر و هزری فێرخواز، دەیخاتە ناو ئەندێشە و خەیاڵ بۆ گەڕان بەدوای وەڵامدا (الفتلاوي: ٢٠٠٣، ص٢٧٠-٢٧١)، بەمەبەست و بێ مەبەست فێرخوازان پرسیار دەکەن، لەو کاتەدا دەبێت فێرکاران بە سنگێکی فراوانەوە وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە، خۆ ئەگەر وەڵامی پرسیارەکانیشیان بەتەواوی لەلا نەبو، نابێت شەرم بکات لەوەی بڵێ نازانم، چونکە ئەمە بۆ هەردو لایان و لەپێناو بەرەوپێشچونی زیاتری ڕەوشی پەروەردە و فێرکردن بەسودترە، لەهەمان کاتدا پرسیارکردنی مامۆستا لە فێرخوازانی لەکاتی فێرکردنیاندا هەم بۆ دانەبڕانیان

لەوانەکە هەم بۆ سـودبینینی زیاتری فێرخوازەکە گرنگ و پێویسـتە، لەم ڕێگایەوە مامۆسـتا لە ڕادە و ئاسـتی گەیشـــتنی زانیارییەکان بەفێرخوازان تێدەگات، ئەگەر خودی زانســـت بریتیبێت لە کۆگایەکی گەورە، ئەوا کلیلەکەی بریتییە لەپرسـیارکردن، ئەوەی دەسـتمان دەگەیەنێت بەم خەزنە گەورەیە پرسـیارکردنە، وتراویشـە زانسـت قفڵە و کلیلی کردنەوەی پرسـیارکردنە، ئەگەر فێرخوازێکیش نەزان و نەشـارەزابو بە زانسـتێک، کلیلی دەربازبون لەنەزانییەکەی پرسـیارکردنە (الخطیب البغدادي، ١٤٢١هــــ ج٢، ص٦١-٦٢؛ غەزالی، ٢٠١٦، ب١، ل١٣٩-١٤٠).

ئەم میتۆدی فێرکارییە کە لەپاڵ چەندین میتۆدی تری فێرکاری وەکو مشـتومڕ (المناظرة)دا بەکارهاتوە، لەلایەن زانایانەوە کۆمەڵێک پێوەری بۆ دیاریکراوە، هەم بۆ مامۆســـتا هەم بۆ فێرخواز، بەهیچ شـــێوەک نەدەبو فێرخوازان یان فێرکاران بە هەڕەمەکی پرسـیار بکەن، بەڵکو پێویسـت بو بەشـێوازێکی جوان پرسـیار بکەن، چونکە نیوەی زانست لە جوانی شێوازی پرسیارکردندایە، پێویستە ئەو کەسەی پرسیارەکەی ئاڕاستە کراوە گوێ لە پرسیارکەر ڕابگرێت تا تەواو دەبێت، نەوەکو لەناوەڕاستی پرسـیارکردندا بە پاسـاوی ئەوەی کە گوایە لە پرسـیارەکە گەیشـتوە قسـە بە پرسـیارکەر ببڕێت و دەسـت بکات بە وەڵامدانەوە، لەکاتی وەڵامدانەوەشـدا دەبێت بە وەڵام ڕوبەڕوی پرسـیارکەر ببێتەوە، بەبێ ئەوەی دەسـتدرێژی بکاتە سـەری لەڕێی قسـەوە بێت یان شتی تر، وەک چۆن پێویست بو پرسیار بە شێوازێکی ڕون و کورت و پوخت ئاڕاستە بکرێت، بەهەمان شێوە پێویسـت بو وەڵامەکەی بە کورتی و پوختی بدرێتەوە، خۆ ئەگەر وەڵامەکەشـی درێژکردەوە دەبێت دوربێت لە چەنەبازی، نابێت وەڵامی پرســـیارێک بداتەوە کە لێی نەکراوە، لە هەمان کاتدا نابێت پرســـیاریش دەربارەی شـتێک بکرێت، کە وەڵام نادرێتەوە، نابێت قسـە بۆ کەسـێکیش بکرێت کە گوێ ناگرێت و بێدەنگ نابێت، دەبێت خۆی بەدوربگرێت لە بەکارهێنانی وشـــەی دەگمەن و نەبیســـتراو، چونکە ئەمە پێی ناوترێت ڕەوانبێژی، بەڵکو دەبێت بە وشـەگەلی ئاسـان و شیرین وەڵامی پرسیاران بدرێتەوە، هەر کاتێکیش پرسیارکەر وەڵامی وەرگرت، ئەوە پێویسـتە وەڵام دەرەوە کۆتایی بە قسـانی بهێنێت، چونکە لەدوای تێگەیشـتن هیچ خێرێک لەوەڵامدانەوەدا نییە(الخطیب البغدادي، ١٤٢١هـ ج٢، ص٦٢-٧١)، کەواتە نابێت پرسیارکردن بۆ کات بە فیڕۆدان و خۆدەرخستن بێت، پێویستە لەچوارچێوەی بابەتەکەدا بێت.

لەناوچە کوردنشـینەکاندا ئەم میتۆدەی فێرکردن سـود لێبینداروە بوە لە هەمو زانسـتەکاندا، واتە هەر زانسـتێک کە زانایان و فێرکاران فێری فێرخوازانیان کردوە، چاوەڕوانکراو بوە کە تیایدا پرســـیار بکرێت، جا چ لەلایەن مامۆســـتایانەوە بێت لە فێرخوازان چ بە پێچەوانەوە بێت، لەکاتی بونی پرسـیارانیشـدا دەبو پرسـیار لێکراوان وەڵام بدەنەوە، بەهۆی تامەزرۆیی دانیشـتوانی ناوچە کوردنشـینەکان بۆ شـارەزابون لە زانستە ئاینییەکان هەر لەزویەکی زوەوە میتۆدێکی بەربڵاوبوە لەناویاندا و لەکۆڕی تایبەتی پرسیار و وەڵاماندا، پرسیاریان ئاڕاستەی زانایان کردوە و ئەوانیش بەوەڵامان خەڵکانیان شـــارەزا کردوە لەبابەتەکان(المقدســـي، ١٩٩١، ص٣٧٩)، ئەم شـــێوازە لـە بـەکـارهێنانی فێکردندا لایەنێکی زیندوی ناو دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکانی ناوچە

کوردنشینەکان بوە، لەنەخۆشخانەی شاری میافارقیندا لەلایەن پزیشکانەوە کۆڕی تایبەتی زانستی پزیشکی ئەنجامدراون و تیایدا پرسیارگەلێکی پزیشکی وروژێندراون، لەلایەن پزیشکانیشەوە وەڵامدراونەتەوە، لەدواتریشدا ئەمانە کراونەتە پەرتوک و لەبواری زانستی پزیشکیدا سودیان لێبیندراوە (ابن أبي أصبيعة، د.ت، ص٣٤١).

ئەوەی خرایە ڕو بەشێک بون لە گرنگترین و بڵاوترین ئەو میتۆد و ڕێگا کاریگەرانەی لەناوەند و دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکانی بواری پەروەردە و فێرکردن لەماوەی لێکۆڵینەوە لەناوچە کوردنشینەکان پەیڕەوییان لێکراوە، کە کاریگەری و دەستکەوتەکانیش گەواهی ڕۆڵی ئەم میتۆدە جیاوازانە دەدەن، چونکە دەستکەوتەکانیان فرە ڕەهەند و جۆراوجۆر بون.

## ئەنجام:

١. هەر پرۆسەیەکی زانستی پێویستی بەڕێگا و شێوازگەلێک هەیە، تا بە هۆیەوە پەیام و ڕاستییە زانستییەکان بگەیەندرێتە بەرامبەر، دیارە کە بزاڤی زانستی و ڕۆشنبیریش لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکانی سنوری خانەی ئیسلام بەگشتی و ناوچە کوردنشینەکانیش بێ نیاز نەبون لەم جۆرە میتۆدانە.

٢. بەپێی ئاماژەی مێژونوسان و لێکدانەوەی ڕوداوە زانستییەکان، دەرکەوت کە فرە جۆری زانستەکان و بوار و مەیدانەکانی کاری پەروەردە و فێرکردن و بڵاوکردنەوەی خوێندەواری، خواستویەتی میتۆد و شێوازی جیاوازیان بۆ بگیرێتەبەر.

٣. بەشێکی فرە جۆری میتۆدەکان پەیوەندی بە ئاستی ژیری و تەمەنی فێرخوازان و مامۆستایانیشەوە هەبوە، ئەمە چ جای شوێن و جۆری زانستەکەش، بۆیە بەشێک لەوانە گشتی بون وەکە (وتاربێژی و ئامۆژگاری)، کە لەڕوی ڕەهەندی مێژویی لە کلاسیکیترین ڕێگاکانی بواری پەروەردەکردن لە مێژوی ئیسلامیدا دێنە هەژمارکردن.

٤. ئاستی کاریگەری میتۆدەکانیش وەکویەک لەسەر پرۆسەکە دەرنەکەوتوە، بەپێی ئەوەی کە لەتوێژینەوەکەدا خراوەتە ڕو، میتۆدەکانی (وانەبێژی و مشتومڕکردن و پرسیار و وەڵام) لەناوەندە فەرمییەکاندا بڵاوتربون.

٥. لە ناوەندەکانی ناوچە کوردنشینەکان و لەلای زانایانی کوردیش وەک خەسڵەتی باوی زانستی سەردەم و پێویستی بوارەکەش، لەو بزاڤە دانەبراون و لەسەر هەمان بنەما و میتۆد کاریان کردوە، کە خۆی لە هەمو ئەوانەدا بینیوەتەوە کە لە چوارچێوەی توێژینەوەکەدا خرانەڕو.

# Methods of Teaching Within Educational Materials in Kurdish Areas Around (5_7H/ 11 _13A.D)

**Rasul Ibrahim Rasul**
Department of History, College of Humanites, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** rasul.ibrahim@uor.edu.krd

**Shamal Mohammed Wsman**
Department of History, College of Humanites, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** shamal.mohammed@uor.edu.krd

**Abstract:**

Researching، generally in the field of education and teaching in any historical stages، has its own value and characteristics، which is multidimensional and consists of some fields. In Kurdish history، it is worth mentioning to research specifically during (5_7H/ 11 _13A.D) centuries which was the era of developing science and intellectualism. It needs to be researched in this field، that's why the title of this research specialized to (Methods in Educational and Teaching institutions of Kurdish Population during (5_7H/ 11_13A.D)) centuries، that aims to show the most apparent scientific methods used in the institutions، in which the achievements and consequents were positive and productive.

This research has naturally willed to describe each method separately in order not to mix them، in which we have discussed nearly (9) methods in this study depending on original resources and analyzing new approaches that the new examples were stated in this research. To write them، it has been depended on many relevant and scientific resources and new approaches، as they were mentioned in the list of references.

**Key words:** Educational and Teaching Institutions, Methods of Teachin, Religious Sciences, Linguistics and Literature, Practical Science.

## سەرچاوەكان:


القران الكريم.

الاسنوي، عبدالرحيم بن الحسن بن علي الشافعي ابو محمد جمال الدين (المتوفي:٧٧٢هـ/١٣٧٢م):

طبقات الشافعية، تحقيق: كمال يوسف الحوت، دار الكتب العلمية، ط١، (د.م:٢٠٠٢).

ابن أبي أصيبعة، احمد بن القاسم بن خليفة بن يونس الخزرجي موفق الدين ابو العباس(المتوفي:٦٦٨هـ/١٢٦٩م):

عيون الانباء في طبقات الاطباء، تحقيق: نزار رضا، دار مكتبة الحياة، (بيروت:د.ت).

البيضاوي، ناصر الدين ابو سعيد عبدالله بن عمر بن محمد الشيرازي (المتوفي:٦٨٥هـ/١٢٨٦م):

انوار التنزيل و اسرار التاويل، تحقيق: محمد عبد الرحمن المرعشلي، دار احياء التراث العربي، ط١، (بيروت:١٤١٨هـ).

ابن تغري بردي، يوسف بن عبدالله الظاهري الحنفي ابو المحاسن جمال الدين(المتوفي:٨٧٤هـ/١٤٦٩م):

النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، دار الكتب، (مصر:د.ت).

جاحظ، عمرو بن بحر بن محبوب الكناني (المتوفي:٢٥٥هـ/٨٦٨م):

البيان والتبيين، دار ومكتبة الهلال، (بيروت:١٤٢٣هـ).

ابن جبير، محمد بن احمد بن جبير الكناني الاندلسي ابو الحسين (المتوفي:٦١٤هـ/١٢١٧م):

رحلة ابن جبير، دار ومكتبة الهلال، (بيروت:د.ت).

الجرجاني، علي بن محمد بن علي الزين الشريف (المتوفي:٨١٦هـ/١٤١٣م)

كتاب التعريفات، تحقيق: جماعة من العلماء باشراف الناشر، دار الكتب العلمية، ط١، (بيروت:١٩٨٣).

ابن الجماعة، محمد بن ابراهيم بن سعدالله الكناني (المتوفي :٧٣٣هـ/١٣٣٢م):

تذكرة السامع والمتكلم في اداب العالم والمتعلم، (د.م:د.ت).

ابن الجوزي، جمال الدين ابو الفرج عبدالرحمن بن علي بن محمد (المتوفي:٥٩٧هـ/١٢٠٠م):

العلل المتناهية في الاحاديث الواهية، تحقيق: ارشاد الحق الاثري، ادارة العلوم الاثرية، ط٢، (فيصل اباد:١٩٨١).

المنتظم في تاريخ الامم والملوك، دار الكتب العلمية، ط١، (بيروت:١٩٩٢).

الخطيب البغدادي، ابوبكر احمد بن علي بن ثابت بن احمد بن مهدي (المتوفي:٤٦٣هـ/١٠٧٠م):

تاريخ بغداد، تحقيق: بشار عواد معروف، دار الغرب الاسلامي، ط١، (بيروت:٢٠٠٢).

الجامع لاخلاق الراوي واداب السامع، تحقيق: محمود الطحان، مكتبة المعارف، (الرياض، د.ت-أ).

الفقيه والمتفقه، تحقيق: ابو عبدالرحمن عادل بن يوسف الغرازي، دار ابن الجوزي، ط٢، (السعودية: ١٤٢١هـ).

الكفاية في علم الرواية، تحقيق: ابو عبدالله السورقي، ابراهيم حمدي المدني، المكتبة العلمية، (المدينة المنورة:د.ت-ب).

ابن خلكان، ابو العباس شمس الدين احمد بن محمد بن ابراهيم بن ابي بكر (المتوفي: ٦٨١هـ/١٢٨٢م):

وفيات الاعيان وانباء ابناء الزمان، التحقيق: احسان عباس، دار صادر، (بيروت:١٩٧١).

الذهبي، شمس الدين ابو عبدالله محمد بن احمد بن عثمان بن قايماز (المتوفي: ٧٤٨هـ/١٣٤٨م):

تاريخ الاسلام وفيات المشاهير والاعلام، تحقيق: عمر عبدالسلام التدمري، دار الكتاب العربي، (بيروت:١٩٩٣).

سير اعلام النبلاء، تحقيق: مجموعة من المحققين، مؤسسة الرسالة، ط٣، (د.م، ١٩٨٥).

المختصر المحتاج، تحقيق: مصطفى جواد، دار المعارف، (بغداد، ١٩٥١).

الرازي، زين الدين ابو عبدالله محمد بن ابي بكر بن عبدالقادر (المتوفي:٦٦٦هـ/١٢٦٧م):

مختار الصحاح، تحقيق: يوسف الشيخ محمد، ط٥، المكتبة العصرية_الدار النموذجية، (بيروت_صيدا:١٩٩٩).

الزرنوجي، برهان الدين (المتوفي:٥٩١هـ/١١٩٤م):

تعليم المتعلم طريق التعلم، (د.م: د.س).

سبط ابن الجوزي، شمس الدين ابي المظفر يوسف بن قزل علي بن عبدالله (المتوفي:٦٥٤هـ/١٢٥٦م):
مرأة الزمان في تواريخ الاعيان، تحقيق: ابراهيم الزيبق، دار الرسالة العالمية، (دمشق_حجاز:٢٠١٣ز).
السبكي، تاج الدين عبدالوهاب بن تقي الدين (المتوفي: ٧٧١هـ/١٣٦٩م):
معيد النعم ومبيد النقم، تحقيق: محمد علي النجار، ابو زيد شلبي، محمد بو العيون،ط٢، (د.م:١٩٩٣).
السخاوي، شمس الدين ابو الخير محمد بن عبدالرحمن بن محمد بن ابي بكر بن عثمان بن محمد (المتوفي: ٩٠٢هـ/١٤٩٦م):
فتح المغيث بشرح الفية الحديث للعراقي، تحقيق: علي حسين علي، مكتبة السنة، ط١، (مصر:٢٠٠٣).
ابن سعيد الاندلسي، ابو الحسن علي بن موسي بن سعيد المغربي (المتوفي:٦٨٥هـ/١٢٨٦م):
الغصون اليانعة في محاسن شعراء المائة السابعة، تحقيق: ابراهيم الابياري، دار المعارف، (مصر:د.ت)
السمعاني، عبدالكريم بن محمد بن منصور التميمي المروزي (المتوفي: ٥٦٢هـ/١١٦٦م):
ادب الاملاء والاستملاء، تحقيق: ماكس فايسفايلر، دار الكتب العلمية، ط١، (بيروت:١٩٨٩).
الانساب، تحقيق: عبدالرحمن بن يحيي المعلمي اليماني وغيره، مجلس دائرة المعارف العثمانية، ط١، (حيدر اباد:١٩٦٢).
السيوطي، عبدالرحمن بن ابي بكر جلال الدين (المتوفي:٩١١هـ/١٥٠٥م):
بغية الوعاة في طبقات اللغويين والنحاة، تحقيق: محمد ابو الفضل ابراهيم، المكتبة العصرية، (لبنان_صيدا:د.ت).
ابن الشعار، كمال الدين ابي البركات المبارك بن الشعار الموصلي(المتوفي:٦٥٤هـ/١٢٥٦م):
قلائد الجمان في فرائد شعراء هذا الزمان المشهور ب عقود الجمان في شعراء هذا الزمان، تحقيق: كامل سلمان الجبوري، دار الكتب العلمية، ط١، ( لبنان:٢٠٠٥).
طاش كبري زادة، احمد بن مصطفى (المتوفي: ٩٦٨هـ/١٥٦١م):
مفتاح السعادة و مصباع السيادة، دار الكتب العلمية، ط١، (بيروت:١٩٨٥).
طاليس، ارسطو (المتوفي: ٣٢٢ق.م):
الخطابة، تحقيق: عبدالرحمن بدوي، وكالة المطبوعات_دار القلم، (الكويت_لبنان:١٩٧٩)
ابن عبدالبر الاندلسي، ابو عمر يوسف بن عبدالله بن محمد بن عبدالبر بن عاصم النمري(المتوفي:٤٦٣هـ/١٠٧٠م):
جامع بيان العلم وفضله، تحقيق: ابي الاشبال الزهيري، دار ابن الجوزي، (السعودية:١٩٩٤).
العلموي، عبدالباسط بن موسى بن محمد بن اسماعيل (المتوفي:٩٨١هـ/١٥٧٣م):
المعيد في ادب المفيد والمستفيد، تحقيق: مروان العطية، المكتبة الثقافة الدينية، ط١، (د.م: ٢٠٠٤).
ابن العماد الحنبلي، عبدالحي بن احمد بن محمد ابن العماد العكري الحنبلي، ابو الفلاح(المتوفي:١٠٨٩هـ/١٦٧٨م):
شذرات الذهب في اخبار من الذهب، تحقيق: محمود الارناؤوط، دار ابن كثير، (دمشق_بيروت:١٩٨٦م).
الغزالي، محمد بن محمد ابي حامد الغزالي (المتوفي:٥٠٥هـ/١١١١م):
منهاج المتعلم، تحقيق: احمد عنالية، دار التقوي، ط١، (دمشق:٢٠١٠).
ابن الفوطي، كمال الدين ابو الفضل عبدالرزاق بن احمد الشيباني (المتوفي: ٧٢٣هـ/١٣٢٣م):
مجمع الاداب في معجم الالقاب، تحقيق: محمد الكاظم، مؤسسة الطباعة والنشر_وزارة الثقافة والارشاد الاسلامي، ط١، (ايران: ١٤١٦هـ).
القابيسي، ابو الحسن علي (المتوفي:٤٠٣هـ/١٠١٢م):
الرسالة المفصلة لاحوال المتعلمين و احكام المعلمين والمتعلمين، تحقيق: احمد خالد، الشركة التونسية لتوزيع، ط١، (تونس:١٩٨٦).
القلقشندي، احمد بن علي بن احمد الفزاري (المتوفي: ٨٢١هـ/١٤١٨م):
صبح الاعشى في صناعة الانشاء، دار الكتب العلمية، (بيروت:د.ت).
ابن القيم الجوزي، محمد بن ابي بكر بن ايوب بن سعد بن شمس الدين (المتوفي:٧٥١هـ/١٣٥٠م):
تفسير القران الكريم (تفسير ابن القيم)، تحقيق: مكتب الدراسات والبحوث العربية ولاسلامية باشراف الشيخ ابراهيم رمضان، دار ومكتبة الهلال، ط١،

(بيروت:١٤١٠ه).

ابن كثير، عماد الدين اسماعيل بن عمر (المتوفي:٧٧٤ه/١٣٧٢م):

طبقات الشافعية، تحقيق: عبدالحفيظ منصور، دار المدار الاسلامي، ط١، (طرابلس:٢٠٠٢).

الماوردي، ابو الحسن علي بن محمد بن محمد بن حبيب البصري البغدادي (المتوفي:٤٥٠ه/١٠٥٨م):

ادب الدنيا والدين، دار مكتبة الحياة، (د.م:١٩٨٦).

ابن المستوفي، المبارك بن احمد بن المبارك بن موهوب اللخمي الاربلي (المتوفي:٦٣٧ه/١٢٣٩م):

تاريخ اربل، تحقيق: سامي بن سيد خماس الصقار، دار الرشيد، (العراق:١٩٨٠).

المقدسي، ابو عبدالله محمد بن احمد المقدسي البشاري(المتوفي:٣٨٠ه/٩٩٠م):

احسن التقاسيم في معرفة الاقاليم، دار الصادر،(بيروت:١٩٩١).

ابن المنظور، محمد بن مكرم بن علي ابو فضل الجمال الدين، (المتوفي:٧١١ه/١٣١١م):

لسان العرب، دار الصادر، ط٣، (بيروت:١٤١٤ه)

ابو النعيم الاصفهاني، احمد بن عبدالله بن احمد بن اسحاق بن موسي بن مهران (المتوفي:٤٣٠ه/١٠٣٨م):

حلية الاولياء و طبقات الاصفياء، السعادة، (مصر:١٩٧٤).

ابن النقطة الحنبلي، محمد بن عبدالغني بن ابي بكر بن شجاع ابوبكر معين الدين (المتوفي:٦٢٩ه/١٢٣١م):

اكمال الاكمال (تكملة لكتاب الاكمال لابن ماكولا)، تحقيق: عبدالقيوم عبد ريب النبي، جامعة ام القري، ط١، (مكة:١٤١٠).

النوي، يحي بن شرف الحزامي (المتوفي:٦٧٦ه/١٢٧٧م):

اداب العالم والمتعلم، مكتبة الصحابة، ط١، (طنطا:١٩٨٧).

ياقوت الحموي، شهاب الدين ابو عبدالله ياقوت بن عبدالله الرومي (المتوفي:٦٢٦ه/١٢٢٨م):

معجم الادباء، تحقيق: احسان عباس، دار الغرب الاسلامي، (بيروت:١٩٩٣).

اليونيني، قطب الدين ابو الفتح موسى بن محمد (المتوفي:٧٢٦ه/١٣٢٥م):

ذيل مراة الزمان، دار الكتاب الاسلامي، ط٢، (قاهرة:١٩٩٢).

ابن خلدون، عبدالرحمن ، (مردوه له: ٨٠٨ك/١٤٠٦ز):

موقەدیمه ئیبن خلدون، و:سەعید بەشیر، گەنج، چ١، (سلێمانی:٢٠١٦).

غەزالی، محمد بن محمد ابي حامد الغزالي (مردوه له:٥٠٥ك/١١١١م)

ژیانەوەی زانستە ئاینییەکان، ب١_پەڕاوی زانست، و: شێخ موحسینی موفقی، ڕۆژهەڵات، چ١، (هەولێر:٢٠١٦).

ابن الكثير، تفسير ابن الكثير بەکوردی، و:على حاجی عبدالله پریسی، چ١، (تاران:٢٠١٢).

امين، احمد، ضحى الاسلام، مطبعة الجنة، ط١، (د.م:١٩٣٥).

بدوي، عبدارحمن، مناهج البحث العلمي، وكالة المطبوعات، ط٣، (كويت:١٩٧٧).

البغدادي، اسماعيل بن محمد امين بن مير سليم الباباني، هدية العارفين، دار احياء التراث العربي، (بيروت:١٩٥١).

الحوفي، احمد محمد، فن الخطابة، نهضة، (مصر:د.ت).

الديوەجي، سعيد، الترية والتعليم في الاسلام،(موصل:١٩٨٢).

زيدان، جرجي، تاريخ التمدن الاسلامي، هنداوي، (القاهرة:٢٠١٢).

شلبي، احمد، تاريخ التربية الاسلامية، دار الكشاف، (بيروت:١٩٥٤).

طوالبة، هادي، واخرون، طرائق التدريس، دار المسيرة، ط١، (عمان:٢٠١٠)

عبوش، فرهاد حاجي، المدينة الكردية من القرن (٤-٧ه/١٠-١٣م)، وزارة التربية، ط١، (اربيل:٢٠٠٤).

الفتلاوي، سهيلة محسن كاظم، المدخل الى التدريس، دار الشروق، ط١، (غزة:٢٠٠٣).

يوسف، عبدالرقيب، الدولة الدوستكية، ئاراس، ط٢، (اربيل:٢٠٠١).

بەهرامی نیا، ئومێد، مێژووی کوردانی جەزیرە، و: عبدالرحیم معرفتی، تیشك، چ١، (ب.ش:٢٠٠٩).

حسێن، سامان ئەحمەد، میتۆد و لێکۆڵینەوە، تاران، چ١، (سلێمانی:٢٠٢٠).

حوسێن، موحسین موحەممەد، هەولێر لەسەردەم ئەتابەگیاندا، و: عوسمان علی قادر، حاجی هاشم، چ١، (هەولێر:٢٠١٠).

الزهارنة، خيرية جواد، الاسهامات العلمية والثقافية لعلماء المشرق الاسلامي في بلاد الشام(١٣٢_٥٦٩هـ/٧٥٠_١١٧٤م) دراسة تاريخية حضارية، رسالة ماجستير، غير المنشورة، قدم قسم التاريخ، كلية الاداب، الجامعة الاسلامية، (غزة:٢٠١٨م).